نۆڤلێت

# چاوەکانی سەرکردەی ئاژگ

فەرەیدون پێنجوێنی

حوزەیران و تەمموزی ٢٠٠١ سلێمانی



ناوی کتێب : چاوەکانی سەرکردەی ئاژگ

جۆر : نۆڤڵێت

بەرواری نوسین : حوزەیران و تەمموزی ٢٠٠١

بەرواری بڵاوکردنەوە "دوەم جار" : ٢٠١٨

ناوی نوسەر : فەرەیدون پێنجوێنی

ئەمشەو هەر تەواو چاوەکانی خۆمم لەناو ئەو ئەستێرەیەدا لێ بەجێما کە باپیرم ساڵەهای ساڵ بو لەهەوڵدابو یەک جار چاوەکانی خۆیی تێدا بەجێبهێڵێت .

من شەوانیتر یەگجار وەها نەبوم ، بەڵکو هەمیشە بەهۆی ئەو ترسە سەرمەدییەوە کە باپیرم بەمیراتی بۆ من و باوکمی بەجێهێشتبو ، چەند چرکەیەک بەر لەسپیبونەوە و رەوینەوە و بەهیچبونەوەی ئەستێران ، چاوەکانمم لەگەڵ خۆم پەلکێش دەکردەوە سەر زەوی .

شەوانیتر نەدەچوم یەگجار ئاوەها "تا سپێدەیەکی روناک" لاشەی خۆم بدەم بەدەم هیچەوە و تەسلیمی سەرێکی لەڕوناکی چۆڵی ، لەتاریکی چۆڵی ، پڕ لەهیچ ، پڕ پڕ لەهیچی بکەم .

خوایە ، ئەم سپێدەیە ، چەند هەزار یارد ئەندێشە و خەون و خەیاڵی دەوێت ، بدرێتە دەمی و پێی بەرەڵڵا بکرێتەوە بۆ لای ئێوارەی ئەستێران ؟

ئەم بێچاوییە ، چەند هەزار یارد ریسی دەوێت ، بدرێتە دەمی و پێی بەرەڵڵا بکرێتەوە بۆ لای چاوداری ؟

ئای خوایە ، چەند لەچاوەکانم دورکەوتومەتەوە ؟ خوایە چاوەکانم چەند لەمن دورکەوتونەتەوە ؟

خوایە چەند خۆشە ئەم پڕبون لەهیچە ؟ چەند ئەم پڕبون لەهیچە ، هیچە ؟

مرۆڤگەلێکم بینیوە چاویان هەبوە ، بەهۆی چاویانەوە توشی هەزار دەردیسەری بون و وەکو خۆیان بۆیان گێڕاومەتەوە و لێم بینیون ، لەکاتی کارەساتاندا ، هەزاران جار هیوایان خواستوە چاویان کوێر ببێت و هەرگیز هەڵنەیەتەوە و ئەوە نەبینن کە دیویانە .

ئەوانە هەر خۆیان بۆیان گێڕاومەتەوە : تەنها بەهۆی چاوەوە کە بویانە و ترساوە ، دوچاری مەینەتیەکانی ژیانیان بون .

یەک لەو مرۆڤە چاودارانە باپیری خۆم بو "باوکی باوکم" ، هەتاکو گیانیشی سپارد لەهەوڵی ئەوەدابو کە وەکو من چاوەکانی لەبڵندادییەکدا لێ بەجێ بمێنێت ، وەکو من چاوەکانی لەئەستێرەیەکدا "بەئاسمانەوە" لێ بەجێ بمێنێت ، کەچی نەیتوانی و دواجار لێی بەربونەوە سەر زەوی .

باپیرم پیاوێکی کۆسەڕەنگی وشک و رەق بو ، وەک خۆی دەیگوت : لەوەتەی ئاوزابوی ، یەک سپێدەی لێ تێنەپەڕیبو نوێژی قوڵی تێدا نەکات ، یەک سپێدەی لێ تێنەپەڕیبو خەو گرەوی لێ بباتەوەو پشتی پێ بکاتە کڕوزە کڕوزی ئەو پیاوە لارەملەی خوا ، کە بەمەبەستی خەبەرکردنەوەی خەڵکە ملکەچەکەی گوند بۆ نوێژ ، لەڕێی بڵندگۆی مزگەوتەوە پەخش دەبو .

باپیرم هەرگیز نەیتوانیوە شەوێک بەتەواوەتی نەنکم لەگەڵ خۆی بباتە "بەهەشت" ، هەمیشە هەر بەنیوەوناچڵی بەجێی هێشتوە و خێرا لەسەری لاچوە و خەمی ئەوەی بوە زوو خۆی پاک بکاتەوە بۆ نوێژی سبەینێ .

ئەگەر بڵێیت نەنکم زۆر دەستەوسانیش نەبو ، لەڕوی عەقڵیشەوە دەستەوسان بوبێت ، لەڕوی غەریزەوە تا دوادوای تەمەنی هەر زیتەڵەو بزێو بو .

ئاخ دەبێت نەنکم چەند خوازیاری ئەوەبوبێت شەوێک لەشەوان ، بەسەر لینجاوی تیژتێپەڕی "شاخەقوچە" ی ناوگەڵی باپیرمەوە ، تا کۆتایی "هیچ" بمێنێتەوە و بە "بەهەشت" دا بڕوانێت ، بەڵام باپیرم لەسەر خۆیی لابردبێت و قونی تێ کردبێت ؟

ئاخ نەنە گیان ، چەند گوناح بوبیت ؟ بریا لەقەبریشدا بوایەت لانیکەم هینی نیوەی ئەو برادەرە ساختەچی و سوعبەتچییانەمت بۆ دەهات کە رۆژانە "سەروەختی گەنجی و سادەییەکەی جاری جارانم" بەمندا بۆیان رەوانە دەکردیت .

من سوپاسی نەنکم دەکەم ، سوپاسی دەکەم چونکە حەکایەتی زۆری لەوەسفی چاکی و بەبەهایی چاوداریدا بۆ گێرامەوە و پێچەوانەکەیان بەڕاست گەڕا .

ئەگەر وانەبوایەت ، ئەگەر ئەسڵەن ئەو ئەودیوی پەندەکانی پیشان نەدامایەت ، ئەوا بەسەر ئەمدیوی پەندەکاندا نەدەکەوتم و بڕوام بەچاکی و بەبەهایی بێچاوی نەدەهێنا .

کە باپیریشم خۆی نەیتوانیوە بگاتە ئەودیوی پەندەکانی نەنکی ، نەیتوانیوە بگاتە ئەو پلە رۆحییە باڵایە کە جاروبار بێچاوی تاقی بکاتەوەو لەگەڵیدا هەڵبکات و بەسەری پڕ لەهیچەوە بژی ، ئەوە گوناحی خۆیەتی نەک هینی نەنکی ، گوناحی خۆیەتی چونکە ئەو لەئەسڵدا نەیویستوە قسەکانی نەنکی بخات بەشانی چەپدا و دیوە راست و سەلماوەکەی لەزەیندا جێ بکاتەوە .

باپیرم لەناخی ناخەوە پێی وابوە خواناسی گەورە ئەو کەسە نییە کە دەتوانێت لەخۆی جیا ببێتەوە و بگاتە چرکەساتی بێچاوی و بێدڵی و بێسەر و دەستی ، بەڵکو پێی وابوە ئەو بێچاوی و بێدڵی و بێسەر و دەستی و چۆڵەوانییە ، بێبڕواییە نەک بڕوا ، خواییە نەک خواداری .

باپیرم هەزار ساڵی تریش بژیایەت و خەڵک بەوەلیی بزانیایەت و هەوڵی تاقیکردنەوەی ژیانی خزمەتکاریی بدایەت لەخزمەتی خوادا ، نەدەگەیشتە پلەی باڵا و ئەم بێچاوییەی منی پێ تاقی نەدەکرایەوە ، چونکە ئەو لەئەسڵدا بێچاوی و بێدڵی و بێسەر و دەستی و چۆڵکردنی رۆحی ، بەلاوە بێئیمانی و چۆڵکردنی رۆح بوە لەخوا ، نەک چۆڵکردنی رۆح لەترس و لەگوناح .

چاوەکانی باپیرم ، تەنها توانای هەڵمژین و دانەوەی ترسیان هەبوە و هیچیتر ، چاوی وەهایش قەت ناتوانێت یەک شەوی تەواو بەئەستێرەیەکەوە بنیشێتەوە و تا سپێدە لەگەورەیی دڵی ئاسمان رابمێنێت ، یەک رۆژی تەواو بەسەر پشتی جۆگەلە ئاوێکی رونەوە راکشێت و تا ئێوارە گوێ لەپەیڤی شیرینی زەوی رابگرێت ، تا ئێوارە درەنگ بۆ خۆی ختوکەی جۆگەلە بدات و وردە گیا و گوڵ بدات بەدەم میهری گەردونەوە .

پیاوێک کە خاوەنی وەها جوتە چاوێک بوبێت ، هەرگیز نەیتوانیوە بەردەنوێژێکی تەڕ و بۆنخۆشی قەراخ کانییەک ئەوەندە بەجوان بزانێت کە جارێک لەخەونیدا پێیەوە شەیتانی ببێت و شەوێکی گەرمی هاوین تینوێتیی پیرێژنێکی تەڕپیری وەکو نەنکم بشکێنێت کە هەمو گولیەکەی و هەمو عەیبەکەی و هەمو ناشیرینیەکەی ، بریتی بو لەلوەکەی بنباڵی چەپی و هیچیتر .

بۆیە بەڕای من نەنکم زۆر ناهەقی نەبوە ئەوە بکات "ئەگەر کردبێتی" کە لێی دەڵێن :

ساڵ ساڵی دەیەمی پێش کۆچی هەمشەیی بو "مەبەستم کۆچی هەمیشەیی و دوایی حەسرەتی پورزاو هاورێمە" ، وەرز بەهارو مانگ رەمەزان و کات شەوبو ، شەویش هەینی بو .

باوکم و دایکم و ئەو چەند پیاوەی کە هەمیشە بۆ هەمو جێیەک بەدوای باوکمەوەبون ، لەماڵ نەبون ، خوشکمیان بردبو بۆ دێیەکی ئەودیو بۆ لای حەکیم "خەڵکی لای ئێمە ، لەتاو گەڕی و گولی ، هەمیشە بەڕێی حەکیمەوە بون ، هەمیشە خەریکی تاقیکردنەوەی ئاوی ئەم کانی و ئەو بیر بون" .

بەهەرحاڵ شەو رابورد ، لەدەنگەدەنگی کەر و گا و مانگا و کەڵەشێری ئاوایی خەبەرم بوەوە و لەجێگا راستبومەوە بچم بەحساب باپیرم خەبەر بکەمەوە بۆ نوێژ ، گوایە ئازام و پێش ئەو لەخەو رابوم ، بەڵام سەیر دەکەم باپیرم دەمێکەیە بەرماڵی راخستوە و لەسوجدەدایە "رەنگە ئەوە رکاتی دوەمیشی بوبێت" .

سوجدەکەی باپیرم ئێجگار درێژەی کێشا ، من کە خەبەرم بوەوە ئەو لەسوجدەدا بو ، نەنکیشم لەگەڵ هەندێک لەژنە "هەمیشە میوان" ەکانی ماڵی خۆماندا ، لەدەرەوە تەقە و رەقەی دەهات و وەکو هەمو رۆژەکانیتر خەریکی سەرپەرشتیکردنی کار و فرمان بو .

تا سەعاتێک دوای ئەوەش کە دوبارە خەبەرم بوەوە ، باپیرم هەر لەسوجدەدا بو ، نەنکیشم لەدەرەوە هەر تەقە و رەقەی دەهات ، ئیدی دڵکرمێ لەجێی خۆمەوە کەوتمە وردبونەوە

لەچەمیننەوە درێژخایەنەکەی باپیرم ، تاوێک رامام ، دوان رامام ، سیان رامام ، باپیرم هەر راست نەبوەوە ، سەرەنجام ئەو قسەیەیم بەبیرهاتەوە کە هەمیشە لەم کۆڕ و لەو دانیشتندا دەیگێڕایەوە : "من باوکیشم و دایکیشم و باوکی باوکیشم و دایکی باوکیشم ، لەمانگی پیرۆزی رەمەزاندا ، شەوانی جومعە ، بەسەر بەرماڵەوە ، گیانیان سپاردوە و گەڕاونەتەوە بارەگای هەق تەعالا" .

ئەوەبو ئیتر نەنکم بەدەم بانگەبانگی منەوە هەڵیکوتایە ژورەوە و منیش بەئیشارەت تێمگەیاند بزانێت بۆچی باپیرم هەڵناسێتەوە ؟ ئەویش پاش چەند جارێک بانگکردن و راوەشاندنی باپیرم ، کردی بەهاتوهاوار و بەخۆداکێشان ، پاش ئەوە باپیرم برایە مزگەوت و شۆردرا و کفن و دفن کرا و نێژرا .

مەرگی باپیرم بەسەر بەرماڵەوە ، پیرۆزییەکی گەورەی بەخێزانەکەمان بەخشی ، بەجۆرێک کە ئیتر خەڵکی هەردو ئاوایی "گولاوەی سەرو" و "گولاوەی خوارو" تا ساڵێک دوای ئەوەش نەدەوێران لەکەسمان بکەون نەکا خوا لەخۆیان زویر بکەن و لەوە گولتر ببن ، کەچی هەر ساڵێک پاش ئەوە "کە نەنکم شوی کردەوە" ئەم چیرۆکە بەجۆرێکیتر دەگێڕدرایەوە ، گوایە هەر زوو نەنکم بەسەر باپیرمەوە حەزی لەو کابرایە بوە کە پاشان شوی پێکردۆتەوە ، لەو پێناوەشدا ئامادە بوە هەمو شتێک بکات ، باپیریشم هەر ئەو خنکاندویەتی بۆ ئەوەی چیرۆکی خۆی و دۆستەکەی بگەیەنێتە ئەنجام .

ئەمێستا شەست ساڵان بەسەر مەرگی باپیرمدا و پەنجا و سێ ساڵیش بەسەر مەرگی نەنکمدا تێپەڕیوە ، لەو زڕباپیرەشمان کە پاشان نەنکم شوی پێکردەوە ، چەندین مام و پور و ئامۆزا و پورزامان بۆ پەیدا بو ، کەچی پاش ئەو هەمو ساڵە و لەم تونـاوتونی بێچاوییەدا ، گیانی نەنک و

باپیرم وازم لێ ناهێنن و لێم دورناکەونەوە "دەڵێیت دەیانەوێت بانگی لای خۆیانم بکەن تا بەخۆیان ورد و درشتی روداوەکانم بۆ بگێڕنەوە" .

*                    *                    *

نەنکم هەر کە شوی کردەوە ، ئیتر لەزەینی باوکمدا جێی لەق بو ، بەڵام باپیرم پایەیەکی چەسپاوی هەبو لەزەینی باوکمدا .

باوکم نەیدەهێشت یەک کەس لەئێمە ، بەڕێکەوتیش توخنی قەبرەکەی نەنکم بکەوێت و سەردانی بکات ، کەچی دەتوانم بڵێم : قەبرەکەی باپیرمی وەک قەبری پێغەمبەر دەپەرست و بەسەر هەمو رەعیەتەکەی خۆییدا سەپاندبو کە هەمو رۆژانی هەینییەک ، یەکی بەدەسکێک گوڵی رەنگاوڕەنگ و "بەدەم گریان و شیوەنەوە" سەردانی قەبرەکەی بکەین ، هەمو رۆژانی هەینییەک یادی کوشتارگەکەی کەربەلای حسەین ، لەسەر ئەو گردە بکەینەوە کە بەریز قەبری پشتاوپشتی کوێخا و سەرەکخێڵ و فەرمانڕەواکانمانی ، یەک لەتەنیشتی ئەویتر ، گرتبوە ئامێز "لەپێشدا باوک ، ئەوجا کوڕ ، ئەوجا کوڕەزا ، لەولاتریشەوە کوڕەزازازا و کوڕەزازازازا و پاشان برا و مام و ئامۆزا" .

ئەو گردە ، تەنانەت قەبری چەند سەرەژنێکی پێشوی بنەماڵەکە و یەک دوو مامۆستای بێگانەی یەکێک لەپشتە دورەکانمانیشی گرتبوە خۆ ، کەچی بەبیانوی ئەوەی قەبرەکان زۆر ترنجاونەتە یەک و گردەکە جێی قەبری زیاتری تێدا نابێتەوە ، جێگای نەنکم و هیچ کام لەو ژنە خانەدانانەی تریشی تیدا نەکرابوەوە کە لەو دواییانەدا مرد بون "وەکو ئەوەی ژنانی ئەم سەردەمە شایانی ئەو شوێنە پیرۆزە نەبن" ، بەڵام بۆ پیاوە فەرمانڕەواکانی خێڵ ، ئەگەر ناچاریش بونایەت گردەکە وەکو لاستیک رابکێشن ، رایاندەکێشا و جێیان هەر بۆ دەکردنەوە ، پاشتریش دار و دیوار و

چەتری قەبرەکانیان لەپەڕۆی سەوز هەڵدەکێشان و ژن و منداڵیان هان دەدا کە بۆ پەڕاندنی دەرد روبکەنە ئەوێ .

بەباوکمم دەگوت : "باوکە ، نەنکم گوناهی چییە وا ..... ؟"

باوکم قسەی پێ دەبڕیم و هەناسەی وەردەگرت وەڵامم بداتەوە ، کەچی قسەکانی قوت دەدایەوە و ئوسکوت دەبو "پێدەچو لەوە بەکاڵفامترم بزانێت کە باسێکی وەهام لەلا بکاتەوە" .

باوکم سەرۆک و بەرپرسی دوو دانە گوند بو کە بەهەردوکیان پتر لەهەشتا ماڵ دەبون و نزیکەی هەشت سەد کەسیان تێدا دەژیا ، بەڵام هەر هەشت سەد کەسەکەمان گول بوین "بەباوکیشمەوە" .

لەپێش باپیرم و باپیری باپیریشمەوە ، عەشرەتەکەی باوکم هەر بەگولی هێنابوی .

لای ئێمە هەمو جۆرە برین و ئیفلیجی و نوقسانییەکی دەست و پێ ، هەمو "کەچ" ی و داخوراوییەکی گوێ و لوت و دەم و لچ و داقڵیشاوییەکی چاو ، گولیی پێ دەگوترا ، ئەو گولییەش دوو جۆر بو : گولیی تەڕ و گولیی وشک.

خەڵکی ئاوایی خوارو بەزۆری گولیەکەیان تەڕ بو ، بەڵام خەڵکی ئاوایی سەرو ، تاکوتەرایەکیان نەبێت ئیتر ئەو باقییان گولیەکەیان وشک بو ، لەبەرئەوە ئەگەر خەڵکی دێهاتەکانی دەوروبەر جارێک لەهامشۆ و رەوتی خەڵکی ئاوایی سەرو دڵکرمێ و دڵترساو بونایە ، ئەوا دوو جاران لەهامشۆ و رەوتی ئاوایی خوارو دەترسان و بەوریاییەکی زۆر زۆرەوە ، بۆ ئیشوکاری زۆر پێویست ، باناویاندا رەت دەبون و نەک دەمیان لەچایەکیان نەدەدان ، بەڵکو دەمیان لەبەری درەختێکیشیان نەدەدان کە لەسەر سنگی خۆیان نەڕوابو ، بەڵکو لەسەر سنگی خاکەکەیان روا بو ، ئەمە بوبوە هۆی ئەوەی کە خەڵکی ئاوایی خوارو بەتەواوی لەدنیا دابیڕێن و وەک کێوی و دڕندەگەلێکی نوقسان بکەونە بەر چاوان .

جیاوازیی نێوان گولیی تەڕ و گولیی وشک ئەوەبو : یەکەمیان بەدرێژایی تەمەن لەگەشەسەندندا بو و لەسنورێکدا راگیر نەدەبو ، جگە لەوە "ساری" یش بو ، بەڵام دووەمیان لەو باشتر بو و تاڕادەیەک لەو سنورەدا دەوەستایەوە کە لەزگماکەوە بۆ مرۆڤەکان دیاری کرا بو ، هەروەها دەشگوترا "ساری" نییە .

حەیف و مەخابن ، ژن و ژنخوازیی نێوان ئاوایی سەرو و ئاوایی خوارو "کە تەگبیری پیرە ژیرەکانمان بو بۆ وشککردنی رەگی گولی و پاککردنەوەی خوێنی زاییندە تازەکان لەڕەگی گولی" ، بەهیچ جۆرێک نەبوە هۆی وشککردننی گولییە تەڕ و ترسناکەکەی خەڵکی ئاوایی خوارو ، بەڵکو بەپێچەوانەوە : خەریک بو گولییە وشکەکەی خەڵکی ئاوایی سەرویشی دەگەیاند ترۆپکی تەڕی .

*            *            *

پەنجا ساڵ لەمەوبەر بەردەوام دەمگوت :

"خۆزگە بەوزوانە باوکم کۆچی دوایی دەکرد ، لەبەر هیچ نا ، بەڵکو تەنها لەبەرئەوەی لەنۆرە حکومڕانیی خۆمدا ، زوو بەزوو ئاشبەتاڵم بەعەشرەتە گۆج و ئیفلیجەکەمان بکردایەت" .

ئەم خواستە تەنها خواستی خۆم نەبو ، بەڵکو خواستی بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی "گولاوەی سەرو" و "گولاوەی خوارو" یش بو .

پەنجا ساڵ بەر لەئێستا بو ، لەگەڵ "حەسرەت" ی پورزامدا "بەڕەحمەت بێت" فێر بوبوین دەمەوئێواران لەفێنکیدا ، خولێک – دوان ، بەکەناری "چەمەشا" دا پیاسەمان دەکرد .

حەسرەت کوڕێکی نەرم و نزمدوی "٢٠ - ٢١" ساڵ تەمەنەی کۆسەڕەنگ بو ، کتومت باپیرم "باوکی باوکم" ، سەرودەری لەهیچ شتێک دەرنەکردایەت سەرودەری لەخەم دەردەکرد .

حەسرەت یەکەم کەس بو کە ئەم بیرۆکەی "ئاشبەتاڵکردن" ە بخاتە سەرمەوە ، ئەو ئەم ئاشبەتاڵکردنەی بەگەورەترین شۆڕش دادەنا و دەیگوت:

"کە خەڵکی ئاواییە تەندروستەکان ژن و ژنخوازیمان لەگەڵ نەکەن و لەم گەمە و گاڵتەجاڕییەی ژیاندا لەسەرمان نەکەن ، کە ئەوان یارمەتیمان نەدەن بۆ پاککردنەوەی خوێنی زایینده تازەکان لەڕەگی گولی ، کە ئەوان یارمەتیمان نەدەن بۆ راستکردنەوەی ئەم پشتە قەمبورەی پشتاوپشت بەشکاوی هێناومانە ......." .

من پشتم قەمبور نەبو ، هەمو گولی و عەیب و عارێکی لەشی من ، لاوازیەکەی دەست و پەنجە و مەچەکی راستم و ئەو لووەی بنباڵی چەپم بو کە خەوی لێ تێک دەدام و هەرهەمو خێزانەکەمان هەیبو ، بەڵام حەسرەت قەمبور بو و قاچیشی "لەقولەپێی بەرەوسەرەوە" کونێکی تێدا بو ، رۆژ نەبو کێم و جەراعەت نەچەنێت ، هەر کە لەقسەکردنیشدا وشەی "قەمبور" ی بەدەمدا دەهات ، لەتەرێقیدا سور هەڵدەگەڕا و قسەکانی لێ دەئاڵۆسکا ، ئەوجا پاش ئەوەی وردە وردە دەهاتەوە سەر خۆ ، تێهەڵدەچوەوە و دەیگوت :

"لەولایشەوە .. خێڵ .. باکی بەتەندروستی و تەن نادروستیی خۆی نەبێت و بەوەندە دابکەوێت کە مردویەکی زیندو بێت ، بەڵام بەمەرجێک بەسەر پشتی خاکەوە بێت نەک لەناو سکیدا ، ئیتر کۆیی و دەستەوایی یانی چی ؟" .

ئەو بەوپەڕی بڕواوە دەیگوت :

"دەبێت بیر لەوە بکەینەوە کە ئا لەم شوێنەدا ، لەم شوێنەدا کە رێک ناوەڕاستی هەردو ئاواییە ، خەڵکی سەر و خوار کۆبکەینەوە و بانگەوازی ئاشبەتاڵکردنیان بدەین بەگوێدا" .

حەسرەت بەڕەحمەت بێت ، پێچەوانەی هەمو شۆڕشگێڕەکانی دنیا بیری دەکردەوە ، دەیگوت :

"ئەگەر شۆڕشەکانی هەمو دنیا بۆ ئەوە دامەزراون کە خەڵکی لەدەوری یەکتر کۆبکەنەوە ، ئێمە دەبێت بۆ ئەوە دابمەزرێین کە ئاشبەتاڵ بەعەشرەتی خۆمان بکەین و پێیان بڵێین : ئێوە کە نەتوانن بەلەشساخی بژین ، بڕۆن بمرن" .

حەسرەت هانی دەدام و دەیگوت :

رۆڵی سەرەکی بەتۆ دەبیندرێت ، ئەگەر تۆ ئارەزو بکەیت ئەوا دەتوانیت هەر لەئێستاوە هاوڕێ و هاوسەردەمەکانی خۆت وەها بار بهێنیت کە سبەینێ "پاش مردنی باوکت" کۆت کردنەوە و گوتت

"ئاشبەتاڵ ، هەر کەس بڕوات مشوری مەرگی خۆی بخوات" ، بەهەمو جۆرێک پشتیوانیت لێ بکەن .

حەسرەت بڕوای تەواوی بەبیر و بۆچونەکانی خۆی هەبو ، بەهیچ جۆرێکیش ژنی نەهێنا بۆ ئەوەی بەشداریی بەرهەمهێنانەوەی ئەو گولی و ئیفلیجییە نەکات کە نازانم لەکەیەوە جەستەی عەشرەتەکەمانی داگرتبو .

حەسرەت فریای هیچ نەکەوت ، ئەوەبو هەر یەک – دوو مانگ پاش ئەو خووەی بە "پیاسەی ئێواران" ەوە گرتبومان ، ئێسترە گەڕ و گولەکەی هەڵخلیکایە ناو پەڵەیەک قارچکە گولانەوە و ئەمیش بەسەر پشتیەوە هەڵدێرا و پاش دوو ڕۆژ ئۆغری یەگجارەکیی کرد .

ئەو تەنها شەرەفی درکاندنی بیرۆکەی ئەم شۆڕشەی بۆ مایەوە کە پاشان ئاقاری ڕاستەقینەی خۆیی بزر کرد و بەو جۆرەش لەماوەی شەش ساڵی زەمینە بۆخۆشکردندا زۆرترین نێر و مێی لەهەردو گولاوەدا بۆ پەیدا بو ، بەتایبەتی لەناو گەنجاندا .

حەسرەت هەر لەگەڵ خۆمدا ، پچڕ پچڕ ، لەماوەی چەند ساڵێکدا ، سێ – چوار جوزئی قورئانی لەلای کۆلکە فەقێیەک خوێندبو و هیچیتر .

بەداخەوە گولی و ئیفلیجیەکەی ناو ئێمە ، تەنها لەشولاری خۆمانی نەگرتبوەوە ، بەڵکو لەشولاری خاکەکەشمانی گرتبوەوە ، لەشولاری وڵاخەکانمانیشی گرتبوەوە ، بەڵام هەر یەکە بەجۆرێک ، بۆ نمونە گولیەکەی "شاخەقوچە" ، واتە ئەو شاخەی کە حەسرەتی هاوڕێ و خزممی لێوە هەڵدێرا ، ڕێک لەدامەنی بەرەوسەر تا تەوقی سەری گرتبوەوە .

سەری شاخەقوچە ، لەهەزار لاوە قارچکە گولانە بو ، کە ڕێبواری نەشارەزای داماو ڕێی تێدەکەوت ، مەحاڵبو بتوانێت ئەو هەمو قارچکە گولانەیە ببوێرێت و ئاخری لەپێچێکدا هەڵنەخلیسکێتە ناویەوە ، کە هەڵیشدەخلیسکا ، قارچکە گولانە وەها دەیگەست "پاڵەوانیش بوایەت"

بەدوو – سێ رۆژ تەواو دایدەوەشاند و بۆ هەتا هەتایە تەختی ناو جێی دەکرد ، بەم هۆیەوە لابەلایەکی خەڵکی گولاوە ، ژیانیان لەناو جێدا پاڵ پێوەدەنا و بەتەواوی لەکۆمەڵ دابڕابون ، ئەوەندە دابڕابون کە من بۆ خۆم ئەمێستا ناوی دوو کەسیشیانم بەباشی بیر نایەتەوە "مەبەستم خەڵکە لاکەوتەکەی ناو جێگایە ، نەک ئەو خەڵکانەی کە گولیەکەیان وشک بو و توانای هەڵسوڕانیان هەبو و بەزۆری لەڕیزەکانی خۆماندا گیرسابونەوە" .

ئەسپ و ئێستر و گوێدرێژ و مەڕ و بزن و گا و مانگاکانیشمان هەروەها ، یەک دانەیان تێدا نەبو گولی لەجێیەکی نەدابێت .

"خۆجە" ، کاژەلە ئیفلیجەکەی پورە "تەڵا" م کە دواتر تاقە وەجاخی رۆشنی پورم بو و لەو و لەمێردە چاوداقڵیشاوەکەی زیاتر کەسی دیکەی نەبو دڵی پێ خۆش بکات ، یەکێکبو لەو تاکوتەرا ئاژەڵانەی هەردو ئاوایی کە ئیفلیجی پەکی یەگجارەکیی نەخستبێت و بتوانێت گێرە گێڕ بەچوارپەلی خۆی "نەک بەباوەش" دوای خاوەنەکەی بکەوێت بۆ گەوڕ .

پورە تەڵام خۆجەشی فری چاخواردنەوە کردبو ، رۆژانە دوای راییکردنی مێردە چاوداقڵیشاوەکەی "کە جگە لەچاوی ، زمانیشی دەتگوت خاکی بیابانە لەسەد لاوە قڵیشاوە" ، سێ ژەمە لەگەڵ خۆیدا دایدەنیشاند ، دوو – سێ قۆری چای "جگە لەشیر" بۆ دەکردە مەمەوە و دەیدایێ "چونکە دایکە سەقەتە گەلحۆکەی خۆی ، نەیدەگرتە خۆی" .

ئەو کە حەسرەتی کوڕی لەژیاندا بو ، یەگجار ئەوەندە هۆگری گەوڕ و ئاژەڵان نەبو ، کەچی پاش مەرگی حەسرەت ، بەتایبەتی لەو رۆژەوە کە خوا خۆجەی پێ رەوا بینی ، سێ بەشی ژیانی لەگەڵ مەڕ و بزنان لەگەوڕدا دەبردە سەر ، لەگەڵ خۆجەشدا وەک دایک و فەرزەندیان لێ هاتبو.

هەر کە پورە تەڵام باوکی حەسرەتی لێ بەلەسە دەبو و لەترسان ناچاری خۆشاردنەوەو ماڵەوماڵکردن دەبو ، خۆجە رێک وەک منداڵیی حەسرەت ، گێرە گێڕ "بەچوارپەلە

کەوانەییەکەیەوە کە بەدیوی ناوەوەدا چەمابونەوە" ، دەکەوتە دوای و پورم لەهەر کوێ بگیرسایەتەوە ئەویش لەوێ دەگیرسایەوە .

خۆجە ، بۆ نەگبەتی ، هەندێک جار بەهۆی ئەم رەوشتەیەوە ، دەبوە سیخوڕ لەسەر ئەم پورە داماوەم و رێک و پێک بەدوای خۆیدا باوکی حەسرەتی دەبردە سەر حەشارگەکەی و دەیدا بەبیرازکردن .

"حەمە عەزاب" ی باوکی حەسرەت "کە لەئەسڵدا ناوی حەمەساڵح بو" ، قەت نەیدەهێشت پورە تەڵام ژەمە نانێک بەڕەحەتی بخوات و شەقێک - شەپڵاخەیەک – مشتەکۆڵەیەکی پڕ بەتینی خۆیی پێ نەکات بەسەر ژەمەکەدا "وەکو ئەوەی لەخوێنی باوکیدا لەباوک و باپیرمی سەندبێت" .

حەمە عەزاب پیاوێکی زۆر یاخی و بەلەسە بو ، خەڵکی گولاوە مەگەر ئەو خۆی لەڕودا بوایەت بەحەمەساڵح ناویان ببردایەت "ئەویش بۆ ئەوەی خۆیانی لێ بپاێزن" ، دەنا لەبەینی خۆیاندا هەر "حەمە عەزاب" یان پێدەگوت .

ئەم حەمە عەزابە هەر ئەوەندەی بۆ پشویەک ، بۆ سیگارپێچانەوەیەک ، بۆ سەرخەوشکاندنێک ، رێی بکەوتایەتە بن درەختێک و بەڕێکەوت ریقنە چۆلەکەیەکی بەسەردا بەر ببوایەتەوە ، ئیتر ئەو درەختە موڵکی خۆی بوایەت ، موڵکی دۆست بوایەت ، موڵکی دوژمن بوایەت ، یان وەقفی مزگەوت بوایەت ، هەناسەیەک دوای ئەوە بەتەور و تەوراسە هەمیشە حازرەکانی بندەستی ، هێنابوی بەلادا "ئەگەر سەد ساڵیش تەمەنی ئەو درەختە بوایەت" .

باخ و باخاتەکەی حەمە عەزاب کە وەک باخاتی هەمو خەڵک لەدەرەوەی ئاوایی بو ، تا رادەیەک حاڵی باشتر بو بەدەست ئەم خاوەنە سەرشێتەیەوە ، بەڵام حەوشەی ماڵەکەی تەوا گیری خوارد بو بەدەستیەوە .

ئەو لەژیانیدا ساڵێک بەخاوەنی دار و درەخت نەدەمایەوە لەحەوشەی خۆیدا ، خانوەکەی دەتگوت کۆڵیتی بیابانە ، نەک خانوی ناوچەیەکی تەڕ و ئاودار و شاخاوی .

حەمە عەزاب لەئەسڵدا دەچوەوە سەر بنەماڵەی "سەیمار" ، بەڵام نازانم بەچەند پشت .

ئەم "سەیمار" ەو "سەیحان" ی بابای بابای ئێمە برا بون ، هەمو گولاوەی سەرو و گولاوەی خوارو لەم دوو بنەماڵە و بەرەبابە کەوتبونەوە .

لەباپیرمم بیستوە : گوایە "سەیمار" کە لەئەسڵدا ناوی "سەیجان" بوە ، پیاوێکی زۆر موبارەک بوە ، توانیویەتی بەیەک فیکە چەند مار لەهەردو ئاواییەکە و دەوروبەریاندا هەبوە لەخۆی کۆبکاتەوە .

هەر باپیرم دەیگوت :

"زۆرجار خەڵکی سەر و خوار ، تەکلیفی ئەوەیان لەسەیمار کردوە ئەو مارە بهێنێتە روو کە بەخۆیانەوە یان بەماڵ و منداڵیەوە داون ، تا بزانن بۆچی وای کردوە ؟ سەیماریش بیدڵیی نەکردون و مارەکەی هێناوەتە روویان ، بەڵام لەپێشدا بەڵێنی ئەوەی لێ وەرگرتون کە نابێت بیکوژن ، بەڵکو دەبێت لێپێچینەوە و موحاسەبەکردنی بسپێرن بەسەیمار خۆی ! ئیدی حوکمەکانی سەیماریش ئەوەندە توندوتیژ نەبون بەرامبەر بەمارەکان ، ئەوپەڕەکەی ئامۆژگاریی کردون کە ئیتر عاقڵبن ، یان بڕۆن ئەو ناوە بەجێبهێڵن" .

باپیرم دەیگوت :

"بەفەرمانی سەیمار ، هەزارەها مار سەری خۆیان هەڵگرتوە و رۆیشتون و ناوچەکەیان بەجێهێشتوە" .

ئەوەی کە باپیرم لەسەیماری دەگێڕایەوە ، هەمان ئەو قسانە بون کە خەڵکی گولاوەی خوارو "واتە بنەماڵەکەی سەیمار خۆی" لێیان دەگێڕایەوە ، وەلێ مەخابن ، تا ماوەیەکی زۆر دوای چەکەرەکردنی خەونەکەی من و حەسرەتیش ، لەناو هەمو بنەماڵەی سەیحاندا ، باپیرم تاقە

کەسێک بوە کە ئەو قسانەی سەلماندوە و بڕوای پێی هەبوە ، یان لانیکەم کێشەیەکی لەسەری نەبوە ، دەنا ئەو باقیی خەڵکی گولاوەی سەرو هەمیشە گوتویانە : "سەیمار چییە ؟ سەیمار کێیە ؟ ئەو بەڕۆژدا خەریکی جادوکردن بوە لەخەڵک و بەشەویشدا هەر خەریکی ئەوە بوە مارە تۆپیوان لەقونی خۆی رابدات" .

لەبەرامبەر ئەو قسە ناخۆشانەدا ، خەڵکی گولاوەی خواروش "بەتەوسەوە" بەخەڵکی گولاوەی سەرویان دەگوت : "بڕۆن بەسەر بەرماڵەوە بمرن" .

هەرای هەمیشەیی نێوان ئاوایی سەرو و ئاوایی خوارو ، هەمیشە لەسەر ئەو جۆرە قسانە دادەمەزرا و درێژەی دەکێشا و سەری گەورە و بچوکی تێدا دەشکێندرا .

بەڵام ئیدی لەهۆگریەکەی نێوان من و حەسرەت بەدواوە ، تا سەروەختی چەکەرەکردنی خەونەکەمان ، سەرەتا تاکە تاکەی خەڵک و پاشانیش خەڵکانێکی زۆرتر ، بەتایبەتی گەنجان ، هەوڵی زۆرمان دا کە هەردو چیرۆکەکە بەهەردو دیوەکەیاندا "بەو جۆرەی کە خۆمان سەبارەت بەخۆمان دەمانگێڕایەوە ، بەو جۆرەش کە هەریەکەمان سەبارەت بەوی ترمان دەیگێڕایەوە" لەڕەگەوە دەربهێنین و چیدی کێشەی لەسەر دروست نەکەین ، کەچی بەداخەوە ...

*　　　*　　　*

باوکم سالّی شەشەمی کۆچی – هەمیشەیی گیانی سپارد "واتە : ئەو سالّەی کە ئێمە دامانە شاخ و بەکردەوە بوینە بۆراق" .

ئەو ، شازدە سالّ فەرمانڕەوای هەردو گولاوە بو ، شازدە سالّ خەریکی "والێکردن" ی کچ و ژن و خوشک و دایکی خەڵک بو ، مالّ نەبو لەهەردو گولاوەدا کە باوکم یان یەکێک لەپیاوە ملخوارو قاچکەوانەیی و دەستوپلکۆڵەکانی باوکم ، بەزۆر بوبێت یان بەخواییشت ، مێینەیەکی وا لێنەکردبن. سەروەختی فەرمانڕەوایی باوکم ، واتەواتێکی زۆرتر لەجاران ، لەسەر بنەمالّەکەمان داکەوتبو .

لەناو هەردو ئاواییدا قاوبو ، دەگوترا :

"نەوەی سەیحان بوخچەی نەکراوە نەبێت وا لێناکەن ، خۆ ئەگەر عەشقی شۆخە ژنێکی وشکیش ، واتە گولیەکەی وشک بێت ، لەکەلەیان بدات ، ئەوا لەپێشدا بەتەقەڵان تەسکی دەکەنەوە ئەوسا قەرەی دەکەون" .

باوکم جگەلەوەی جۆرەها سەرانە و باج و خەڕاجی لەو سەرخێزانە گێڕ و گەوێڕ و ملخوار و پشتدەرتۆقیو و چاودەرپەڕیوە بەناو "وشک و دەروخولکەر و لەشساخ" انە دەسەند کە بەهەزار حالّ کشتوکالّییەک ، ئاژەڵدارییەک ، دارفرۆشییەک ، قوڕبەسەرییەکیان دەکرد و مالّ و مندالّی خۆیانیان بەکولەمەرگی پێدەژیاند ، جۆرەها فڕوفێڵیشی دەگرتە بەر هەر بۆ ئەوەی بەیەگجاری ڕێگای کەسابەتکردن لەخەڵک ببەستێتەوە و بەتەواوی سەرچاوەکانی داهات قۆرخ بکات بۆ خۆی و دەسەڵاتەکەی ، تا بتوانێت بەکەیفی خۆی کێی پێ خۆش بو بژی ، ئیشی بداتێ و ، کێی پێ

خۆش بو بمرێت ، کاری لێ بگرێتەوە و لەبێدەرامەتیدا بیکوژێت ، ئیدی بەو جۆرە هەم زۆرترین خەڵک مل پێبدات بۆ گەوادی ، هەم نەچێت راستەوخۆ نەیارەکانی خۆی بکوژێت و لۆمەی شێخ و مەلایان بهێنێتە سەر خۆی .

ئەوساش کە بەحساب باپیرم ریشسپیی یەکەم و دەمڕاست و بەکورتی "سەرەک خێڵ" ی هەردو ئاوایی بو ، هەر باوکم فەرمانڕەوا بو ، واتە ماوەی فەرمانڕەوایی باوکم لەو شازدە ساڵەش پتربو کە بەڕەسمی "پاش مەرگی باپیرم" بردیە سەر .

خوا دەیزانێت ، کێ دەڵێت مەرگی باپیریشم هەر دەستی خۆیی تێدا نەبوە بۆ ئەوەی زووتر نۆرە فەرمانڕەوایی رەهای خۆی بێتە پێشەوە ؟ بۆ دەبێت تەنها گومان لەنەنکم بکرێت ، لەکاتێکدا باوکم بەئەزمونترین و لێوەشاوەترین پیاو بوە لەکوشتن و پەردەپۆشکردنی تاواندا کە من لەبنەماڵەی سەیحاندا بینیبێتم ؟

باپیرم پیاوێکی لەخواترسی کەنارگیر بو ، ئەوەندە کەیفی بەکوێخایەتی نەدەهات ، لەبەرئەوە کاروبارەکانی "دین" ی دانابو بۆ خۆی و کاروبارەکانی "دنیا" یشی سپاردبو بەباوکم کە کوڕە گەورەی بو .

باوکم هەمیشە خەریکی بێناموسی بو ، بەڵام لەڕاستیدا تا باپیرم لەژیاندا بو یەگجار وا بێناموس نەبو ، یاخود راستتر بڵێم : بێناموسیەکەی ئەوەندە بەدەرەوە نەبو .

هەواڵی ئەوەی گوایە کچگەلی ئاوایی فێربون کچێنیی خۆیان لەدەست بدەن و پاشان بەتەقەڵ خۆیان بدورنەوە ، لەسەردەمی فارمانڕەوایی باوکمدا داکەوت ، پێشتر کەس ئاگا و عیلم و خەبەری لەباس و خواستی وەها نەبوە .

باوکم لەسەر وەها گومانێک ، کچە پاشەبەرە هەرە ئازیزەکەی خۆیی بەنهێنی خنکاند ، لەبەرچاوی خەڵکیشدا تێروپڕ بۆی گریا و تێروپڕ ماچی کرد ، ئەوجا رێی دا بیشارنەوە و

تەسلیمی خاکی بکەن ، بەر لەکوشتنیشی لەناو خەڵک و دەست و پێوەندەکەی خۆیدا بڵاوی کردبوەوە ، گوتبوی :

"نازدار لوەکەی بن باڵی سیرایەتی لێ سەندوە ، نازانم لای چ حەکیمێکی ببەم ؟ دەترسم خوا ئەویشم پێ رەوا نەبینێت" .

من کە پاش مردنی "نازدار" ی خوشکم ، مامەوە خۆم و خۆم "بێ خوشک و بێ برا و بێ دایک" ، وامدەزانی باوکم بەعەقڵە کۆنەکەی خۆی دەیەوێت نازدار لەچاو و چڵە بپارێزێت بۆیە ئەوەندە نەخۆشە نەخۆشەی لێ گرتۆتەوە و بواری هاتوچۆی دەرەوەی نادات ، وامدەزانی بەدەستورەکەی دایکی رەحمەتیم دەکات کە تا بویشم بەدەستەپیاو ، قەت لەهیچ جێیەک دڵی نەدەهات بڵێت : "شوکر تاقە کوڕەکەی من یەگجار وەک کوڕ و کچی ئێوە گرفتار و دەردەدار نییە و تەندروستترە" نەوەکو ببم بەچاوەوە .

کەچی بەداخەوە ، باوکم کاری تایبەتتری بەبڵاوکردنەوەی هەواڵی نەخۆشی و تەن نادروستیی نازدار هەبو ، کاری ئەوەی پێی هەبو کە کوشتی ، خێرا بێتە دەم و بەگریان و فیغانەوە بڵێت :

"ئەی هاوار خەڵکینە ، چۆن خێرا قسەکەم هاتەدی ؟ چۆن لەدڵم گەڕابو کە نازدار گیان ئەوەندەی بەسەر دنیاوە نەماوە ؟" .

من دڵنیام کە باوکم ، شوکردنەوەی دایکی ، یەگجار توشی ئەو گرێکوێرەیەی کردبو بەرامبەر بەمێینەکانی خێزان و بنەماڵەکەی .

دڵنیام کە نەک تەنها نازداری خوشکم و روقیەی برازای ، بەڵکو دایکیشم و نەنکیشم "واتە دایکی باوکم خۆی" هەر ئەو کوشتونی ، دەنا یانی چی : نەنکم کە لەماڵی ئێمە میوان بو ، بەسەر بەرماڵەوە و لەسوجدەدا گیانی دەرچوبو ؟ دایکم سێ ساڵ دوای ئەو "یەک دوو مانگ بەر لەکۆچی هەمیشەیی حەسرەت" ، هەر بەسەر بەرماڵەوە و لەسوجدەدا گیانی دەرچوبو ؟ نازداری خوشکم

ساڵی سێیەمی کۆچی – هەمیشەیی کە ئەوسا تەمەنی "٢٠ - ٢١" ساڵێک دەبو ، هەر بەسەر بەرماڵەوە و لەسوجدەدا گیانی دەرچوبو ؟

من لەبەینی هەمو سێ ساڵەکانی نێوان مەرگی نەنکم و دایکم و نازداردا ، یەگجار ئەوەندە خەفەتم نەخوارد و زوخاوەسک نەبوم ، بەڵکو بەزۆری لەسێ ساڵی نێوان مەرگی نازدار و باوکمدا بەو دەردە چوم کە چوبوم : ددانم لەدەمدا نەما ، لوەکەی بن باڵم فێری زوخاو و کێم و جەراعەتچەنین بو ، موو بەسەرمەوە نەما "جگە لەو چەند تاڵە سپییەی کە ئێستا بەسەر گوێچکەکانمەوە ماونەتەوە و بەئاسانی دەژمێردرێن" .

من کە ئیتر بەتەواوی دابومە باریک و بنێسی ، نەمدەتوانی لەوە زیاتر ماوەی نێوان مەرگی نازدار و باوکم درێژ بکەمەوە ، ئەوەبو ئاخر و ئۆخری پاییزی ساڵی شەشەمی کۆچی – هەمیشەیی ، لەکاتێکدا بەتاقی تەنیا خۆی ، لەدیوەخانەکەیدا خەریکی نوێژە ریایی بو ، کڕنۆشێکی هەتا هەتاییم بەسەر بەرماڵە نایابەکەیەوە کە بەپارەی خەڵکی رەش و روت دابوی بەکرد ، پێ برد و ، لەگەڵ ئەو چوار کەسەدا کە پاشان بونە سەرکردە لەڕیزەکانی ئاژگدا ، دامە شاخ .

لەو باوەڕەدام ئەگەر نەشمدایەتە شاخ ، بۆم دەچوە سەر و هیچ گومانێکم نەدەهاتە سەر ، چونکە لەلایەکەوە خەریک بو وردە وردە قسەکەی خەڵکی گولاوەی خوارومان لێ دەهاتەدی و پەتای "گیاندەرچون بەسەر بەرماڵەوە" لەناو خێزان و بنەماڵەی ئێمەدا ، دەبوە روداوێکی هاکەزایی ، لەلایەکی تریشەوە یەک کەس "بەو هاوڕێیانەشمەوە کە لەگەڵمدا هەڵهاتن دایانە شاخ" بەئیشوکاری نەزانیبوم هەتا بترسم و هەڵبێم ، هەروەها باوکم یەک دانە برای لەژیاندا نەمابو هەڵمبیێچێت و بمخاتە ژێر پرسیار و وەڵامەوە ، جگە لەوەش : باوکم پیاوێکی ئەوەندە چاکەکار و دادپەروەر نەبو کە خەڵکی دوو ئاوایی بەخواستی خۆیان کردبێتیانە گەورە و دەمڕاستی خۆیان و لەسەری هەڵبدەنێ ، بەڵکو گەورەیی و دەمڕاستیی لەباپیرمەوە بەمیراتی بۆ بەجێمابو .

لەلایەکی تریشەوە تا ئەو رۆژەی کە من ئاشبەتاڵم بەدەسەڵاتی نەوەی سەیحان کرد لەگولاوەدا و "سەیزەوار" م بەدوادا راست بوەوە ، جگە لەیەک – دوو قۆناغی زۆر کورت کە بەبیری باپیریشم نەدەهات ، ئیدی قەت دەسەڵاتی خێڵ بەدەست نەوەی سەیمارەوە نەبوە ، لەبەرئەوە هەمو خەڵک "بەتایبەتی خەڵکی گولاوەی خوارو" لەو خوایەیان دەویست خۆری باوکم ئاوا ببێت و بەچاک و بەخراپ سەردەم و قۆناغێکی نوێ تاقی بکەنەوە ، کە روداوی وەها بۆ ئەوان ، لەگیانسپاردنی باوکێکی پیری ، گولی ، دەردەداری ، لەگەنجییەوە دەموچاو گرمۆڵەبوی ، شازدە – حەڤدە سال لەجێدا تەختبوی کەسیف ، خۆشتر دەبو ، وەک ئەوە دەبو کە خودا لەئاستی زوڵم و زۆری خەلیفە سەرچەوتەکانیدا گەیشتبێتە گیانی و بەتوندی هاتبێتە قسە .

*                    *                    *

وەختیك دامانە شاخ ، یەكەمجار لەو تەختاییەدا كە چەمەشا بەبەردەمیدا پێچی دەكردەوە و دەهاتە سنوری ئێمەوە ، بەبرادەرانم گوت :

"برادەرینە ...

ژن و ژنخوازیی نێوان ئاوایی سەرو و ئاوایی خوارو كە بەحساب تەگبیری پیرە ژیرەكانمان بوە بۆ پاككردنەوەی خوێنی زایندە تازەكان لەڕەگی گولی و نەخۆشی ، تا ئێستا هیچی لەدەرد و گرفتاریەكانی ئێمە نەگۆڕیوە و هیچیشی لێ ناگۆڕێت ..." .

برادەران كە تەنها "سەفەر و عەلیار و جەمشید و چەورگ" بون بەدەورمەوە ، بەحەماسەوە گوێیان بۆ یەكەم گوتاری رابەری خۆیان راگرتبو .

لەسەری رۆیشتم :

"ئێمە ، بۆ ئەوەی هەم سەرنج و بڕوای خەڵكانی هەردو گولاوە بەلای خۆماندا رابكێشین و ریزەكانی خۆمان فراوان بكەین ، هەم خۆمان لەكۆت و پێوەندی ژیانی خێزانی و خێزانداری و نەخۆشیی زیاتر بپارێزین ، دەبێت تەگبیری پیرەكانمان تێبەپڕێنین و هەر بەیەگجاری دەستبەرداری ژن و ژنخوازی و منداڵخستنەوە و هەمو پەیوەندییەكی لەشپەروەری و ناخوشک و برایانەی نێوان نێر و مێ ببین ، نەک هەر لەبەینی خەڵكی دوو ئاواییەكەدا ، بەڵكو لەبەینی خەڵكی یەک ئاواییشدا ، بەتایبەتی لێرە لەشاخ كە دەبێتە لانكی خەباتمان و نێر و مێ رووومان تێدەكات" .

ئێمە پێشتر لەئاواییش ، بەدرێژایی شەش ساڵی زەمینە خۆشکردن بۆ ئاشبەتاڵکردن بەژیانی گولی ، لەم قسانەمان زۆر بۆ یەکتر کردبو ، بەڵام هەستمکرد لێرە گرانتر لەدەمم بەردەبنەوە و توندتر ، زۆر توندتر ، بەر دیواری گوێ دەکەون "بەگوێی خۆیشمەوە" ، لەبەرئەوە کەمێک دەنگم نزم کردەوە و میهرەبانانەتر لەپێشو ، گوتم :

"راستە ئەم تەگبیرەی ئێمە تەگبیرێکی پەڕگیرانە و سەختە و لەگەڵ سروشتی دەرونی و جەستەیی نێر و مێ ، بەتایبەتی نێر و مێی لای خۆمان ، ناگونجێت و گران لەسەریان دەکەوێت ، بەڵام دەبێت شانی بدەینە بەر ، دەنا تەمەنمان لەوە زۆر کورتتر دەبێت کە بتوانین ئاشبەتاڵ بەژیانی گولی بکەین" .

ئەوەبو پاش چواردە ساڵ خەباتی شاخ ، کە دەسەڵاتمان پەیدا کرد و گەڕاینەوە ناو خەڵک و ئاوەدانیەکانی خۆمان "٣٠ ساڵ بەر لەمڕۆ" ، بەکۆی دەنگ بڕیارمان دا یاسای قەدەغەکردنی پەیوەندییە رۆحی و مرۆییەکانی نێوان نێر و مێ "واتە یاسای قەدەغەکردنی پەیوەندیی لەشپەروەری" هەڵبوەشێتەوە ، بەڵام کەس بۆی نەبێت منداڵ بخاتەوە ، تەنانەت یەک دانەش ، نە بەشێوەی شەرعی و نە بەشێوەی ناشەرعی .

دەبێت بڵێم :

لەشاخیش و لەگوندیش ، بڕیاری ئێمە تەنها "بۆراق" ەکانی خۆمانی دەگرتەوە نەک خەڵکی سڤیل ، کەچی بەو جۆرەیش توانیمان لەماوەی ئەو چل و چوار ساڵ دەسەڵاتدارێتییەی "شاخ و گوند" ی خۆماندا ، رێژەی دانیشتوانی هەردو گولاوە تەواو کز بکەین و بەرە بەرە رەگی گولی لەپارچەیەکی گۆی زەویدا بۆ هەتا هەتایە هەڵبکەنین .

ئێمە دەمانتوانی چیتر بکەین ؟ دەمانتوانی وێڕای ئەو هەمو گولی و دەردەداری و گرفتارییە ، درێژە بەپاراستنی رەچەڵەکی خۆمان بدەین ، تا ئەو رۆژەی کە دەرمانی چارەسەرکردنی گولی

پەیدا دەبو ؟ دەمانتوانی درێژە بەو هەمو کوێرەوەرییە بدەین و تا سەر لەگەڵیدا هەڵبکەین ؟ لەپێناوی چیدا ؟ دەمانتوانی تا هەتایە بەو لەشە بیمارەوە رایبکێشین و بەدرۆ هەر بڵێین : "یان تەندروستی و ژیانێکی شایستە بەئینسان ، یان نەمان" ؟

نەخێر هەرگیز پەشیمان نیم لەوەی کە کردم ، بەڵام بریا پەڕ و باڵی خەونەکەی حەسرەتم نەدەکرد و وەکو ئەوەی کە هەبو و خۆی بۆی دەگێڕامەوە ، بەرەڵڵای ئاسمانم دەکرد ، نەک وەکو ئەوەی کە بەدەستمەوە هەڵفڕی .

بەڵام ئاخر ئێمە دەمانتوانی چیتر بکەین ؟ دەمانتوانی کتومت بەقسەی حەسرەتمان بکردایەت و بەمو لەقسەی ئەو لامان نەدایەت ؟ دەمانتوانی سەیوەرهان ئاسا هەریەکە بەجیا لەگەڵ خێزانی خۆماندا بماندایەتە شاخێک – هەڵەتیکی ئەم دنیایە و هەر هەشتا ماڵەکەی ئاوایی سەر و خوارمان یەکی بەهەشتا دیواری پۆلایین لێک جودا بکردایەتەوە و تاکە تاکە "لەدوری یەکتر" خۆمان ببڕاندایەتەوە و بەو جۆرە ئاشبەتاڵمان بەژیانی گولی بکردایەت ؟ یان دەبو شتێکی ترمان بکردایەت "جیا لەوەی کە کردمان" ؟ بڵێی بمانتوانیایەت جیا جیا و دانە دانە "بەو جۆرەی کە حەسرەت خەونی پێوە دەبینی" ، تەنها بەڕاگەیاندنی وشەی "ئاشبەتاڵ" خۆمان بنەبڕ بکەین و ئاشبەتاڵ بەژیانی گولی بکەین و بەو دەرەنجامە بگەین کە ئەو خوازیاری بو ؟

بڕوا ناکەم ...

بڕوا ناکەم هەمو کەسێک وەکو "سەیوەرهان" ی پێ بکرایەت ، تەنانەت بڕوا ناکەم سەیوەرهان خۆیشی ویستبێتی بەو دەرەنجامە بگات کە پێی گەیشت .

راستە ئەوەی ئەو کردی ، هەمان دەرەنجامی لێکەوتەوە کە حەسرەت خوازیاری بو ، بەڵام بڕوا ناکەم خۆی خوازیاری وەها دەرەنجامێک بوبێت .

سەیوەرهان بەهیچ جۆرێک دڵی نەدەهات دەستبەرداری ژیان ببێت و بداتە پاڵ ئێمە "ئەگەر لەوە نەخۆش و دەردەدار و کەفتەکارتریش بوایەت" ، کە ئاواییەکەشیان دایە کزی و بەرە بەرە نیوە چۆڵ بو ، ئیتر تاقەتی چو ، لەداخی دەرونی تەنگی خۆی و زوڵم و زۆری سەیزەوار و بێ بەروبومیی ئێمە ، پەلی ژنە گەنجە لاژگەکەی و تاقە کوڕە منداڵکارەکەی گرت و دانیە پێش خۆی بۆ ئەشکەوتێکی شێدار لەبناری شاخە قوچە کە پازدە ساڵ دەبو بەشەر ئاگری تێدا نەکردبوەوە .

سەیوەرهان ، گولیەکەی ئەوەندە تەڕ و پیس بو کە تەنانەت لەئاواییەکەی خۆیشیاندا "ئاوایی ژورو" زۆر درەنگ ژنی دەست کەوت ، کاتێک ژنی دەست کەوت لەمێژبو لێکەوتبو ، کەس نەیدەزانی لەکوێوە خوا ئەو تاقە کوڕەی داونەتێ ؟ لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەخۆی هیچ باکێکی بەگومانی خەڵکی نەبو ، هەمیشە سوپاسی خوای دەکرد کە بەو تەمەنە زۆرەیەوە ئیسماعیلی پێ ڕەوا بینیوە .

من دڵنیام کە سەیوەرهان ئەو ساڵ و نیوەی ژیانی چۆڵەوانیی تەک سەگ و گورگ و چەقەڵانی زۆر زۆر قورس لێ تێپەڕیوە و حەتمەن خووی ئاژەڵی کێویی گرتوە ئەوسا دەستبەرداری ژیان بوە .

بەهەرحاڵ ڕۆژێک مەفرەزەیەک لەهێزە گەڕۆکەکانمان ، تەرمی خۆی و کوڕەکەی و ژنەکەیی دۆزییەوە و ناشتنی و کۆتایی بەدەنگ و باسیان هات .

بەپێی ئەوەی مەفرەزەکەمان باسی دەکرد و لەتەرمەکانیان ورد بوبوەوە ، ئەوان بەرودوا پێیان هەڵخلیسکابوە ناو قارچکە گولانەکانی شاخە قوچە و دەوروبەریەوە و بەو هۆیەوە بەیەگجاری داوەشابون و گیانیان سپاردبو .

خۆ خەڵکی دیکەش هەبون کە وەکو سەیوەرهان تاقەماڵە دایانە شاخ ، بەڵام هەمان دەرەنجامیان حاسڵ نەکرد ، هەر لەڕاستیشدا بۆ حاسڵکردنی وەها دەرەنجامێک ئەوەیان نەکردبو ، بۆ نمونە سەیزەوار .

ئەم سەیزوارە ، لەگوند مایەوە تا ئێمە دەسەڵاتمان پەیدا کرد و داڵغەی گەڕانەوە لەسەری داین ، کە دەسەڵاتی تەواوەتیمان پەیدا کرد و گەڕاینەوە و سەرکردایەتیی خۆمانمان هێنایەوە ناو ئاوەدانی و خەڵکی خۆمان ، ئەو دایە شاخ ، کە داشیە شاخ و لەدەست هێزەکانمان دەربازی بو ، هەمو بەرۆکانی خۆیی تەقاندبو ، هچی پێ نەمابو بەرهەڵستیی پێ بکات "واتە تەواو لەپیاوەتی کەوتبو" ، بەڵام هێشتا گولی دەرەقەتی قاچ و قولی نەهاتبو و نەیخستبو .

بەهەرحاڵ باشترین رێگە بۆ لەناوبردنی ئەو ، ئەوەبو کە خۆمانی پێوە ماندو نەکەین ، لێگەڕێین ئەو پێنج و دوو رۆژە حیزەی ژیانی کە مابوی ، لەترس و بیمی دڕندەی ئەو چۆڵەوانی و هەردانەدا بباتە سەر ، تا دواجار رەوە گورگێکی برسیی لێ پەیدا دەبێت و هەر پێنجیان "خۆی و پیرێژنە کۆتەرەکەی و سێ قەیرە کچە شڵە و گزگلەکەی" شاقەل شاقەل دەکات ، ئەوسا تەرمی ئەوانیش وەکو تەرمی سەیوەرهان و ماڵ و منداڵەکەی دەدۆزینەوەو نایاننێژین ، بەڵکو دەرخواردی سەگیان دەدەین .

سەیزەوار نەوەی سەیمار و ئامۆزای راستەقینەی حەمەعەزاب بو ، کەچی لەسەروەختی ئاوارەیی و پەڕیدەیی ئێمەدا ، شەجەرەی خۆیی وەها دەستکاری کردبو ، نەک هەر بەهیچ پشتێک نەدەگەیشتەوە بەئێمە ، بەڵکو ناوی سەیماری بابای خۆیشیانی تێدا پەڕاندبو و بەچوار باز بۆ دواوە خۆیی بردبوەوە سەر خێڵە عەرەبەکانی نەجد و حیجاز ، ئەمە بەمەرجێکیش ئێمە شێخی بەرماڵ بوین ، بەهۆی بەرماڵەوە شەرەفی شێخایەتیمان بۆ خۆمان پچڕی بو ، نەک لەئەسڵدا بەچکە عەرەب بوبین "بنەماڵە شێخەکانی دێهاتەکانی تریش ئەم راستییەیان چاک دەزانی" .

هەر بۆ پەند ، ١٠ دانە ساڵ ئەو شەجەرەیەی سەیزەوارم پاراست کە بەوپەڕی شانازییەوە بەدیواری دیوەخانەکەیەوە هەڵیواسیبو و برادەران بەدیاری بۆیان هێنابوم .

قەت بەخەیاڵمدا نەدەهات ئەم سەیزەوارە کەڵتە کۆنە ، بەخۆ و بەپیرێژنێکی کۆتەرە و سێ قەیرە کچی شڵەی گزگل گزگلەوە ، کە لەماوەی چواردە ساڵ فەرمانڕەوایی رەهای خۆیدا یەک دانەشیانی بۆ نەدرابو بەشو "ئەوەندە کوڕی خەڵکی پێ هیچ و کچی خۆیی پێ شت بو" ، بتوانێت جارێکیتر سەر دەربهێنێتەوە ، کەچی ئەوەندەمان زانی "پاش ٣٠ ساڵ" کە خۆی دابو لەسەد و قسور ساڵ تەمەن ، بەخۆ و بەنزیکەی سەد و پەنجا نەفەری دڕ و چەشەوە دەرکەوتەوە .

ئەوەندەمان زانی سەد و پەنجا دەعبای دڕ و نامۆی لەجێیەکانی پێشوی ئێمەدا "جێیەکانی سەروەختی خەباتی شاخ" دامەزراندبو ، کە هەر هەمویان لەتوڵەی گوێبڕاو دەچون ، یەک دانەیان تێدا نەبو گوێچکەیەکی کەچ نەبێت .

تا خۆم لەگەڵی دانەنیشتم و قسەی بۆ نەکردم ، نەمزانی ئەم سەیزەوارە کەڵتە کۆنە ، ئەو هەمو سەگە دڕە دەعباڕەنگانەی لەکوێوە هێناوە ؟

شەڕی سەختی ئێمە ، ئەو شەڕەبو کە بزوتنەوەکەمان لەگەڵ سەیزەوارزادەکاندا کردی .

ئەو دوازدە مانگەی کە ئێوارەی رابردو دوایەمین رۆژیمان لێ گوزرا ، دوایین دوازدە مانگی تەمەنمان بو .

ئەوان لەهەڵمەتی یەکەمدا نا ، بەڵام لەهەڵمەتی دووەمدا کە دوو هەفتە پاش هەڵتوقینەوە کتوپڕەکەیان هێنایانە سەرمان ، یەکسەر بەهێزێکی سیحرییەوە کە حەتمان شەیتانێکی لەپشەوە بوە ، گولاوەی خواروویان خستەوە بندەستی خۆیان و لەوێیان دەرپەڕاندین "بەڵام ژێر بەژێر خەڵکمان لەوێندەر هەر هەبون" .

جارێکیان لەدرێژەی شەڕی ئێمە لەگەڵ ئەواندا ، چەند سەیزەوارزادەیەک دانەیەک لەبۆراقەکانی ئێمەیان دەستگیر کردبو "بۆراق ئەو ناوەبو کە لەئەندامە کارا و شەڕکەرەکانی بزوتنەوەکەمان /بزوتنەوەی ئاژگ/ مان نابو" ، پاش ئەوەی لەسەد لاوە کەل و کەچیان کردبو و بیرازێکی باشیان کردبو ، بردبویان بەنیوە مردویی تەسلیمی سەیزەواریان کردبو ، سەیزەواریش کە لێکی دابوەوە ئەمە لەلایەکەوە خەڵکی ئاوایی خواروە "واتە لەئەسڵدا لەبەرەبابی خۆیانە" و لەلایەکی ترەوە وا خەریکە گولی و رۆژگار پێکەوە بەتەواوی کچەکانی دەپوکێننەوە ، بۆراقەکەی ئێمەی نەکوشتبو ، بەڵکو لای خۆی گلی دابوەوە و بەزۆری زۆردارەکی قەیرە کچە شڵە دێڵەسەگ ئاسا دۆڕاوە بچوکەکەی خۆیی لێ مارە کردبو و لەسەری کردبوە بڕیار کە دەبێت لانیکەم شەوی سێ جاران لاقەی بکات بۆ ئەوەی زوو بەزوو منداڵیان بۆ بێتەبەر ، دەنا بەشایەدیی خەجێ گەڕی کارەکەریان کە کردبوی بەچاودێر بەسەریەوە ، شەوی لەسیانەکە چەند دانە کەمی بهێنێت ، بەیانی ئەوەندە کوت گۆشتی لێ دەکاتەوە "بەخەنجەرەکەی بەر پشتوێنی خۆی" ، وەلێ خۆشبەختانە بۆراقە مەزنەکەی ئێمە کە ئەویش تەمەنی تێهاتبو و وەکو سەرجەم بۆراقەکانی ترمان بێ ژن و ماڵ بو ، شەوێکیان هەلی دەست کەوتبو ، بەلەتە گوریسێک کۆتایی بەژیانی گولی و دیلیی خۆی و قەیرە کچە گزگلەکەی سەیزەواریش هێنابو ، ئیدی لەوەبەدوا بۆراقی ئاژگیان بەیەگجاری لێ بوبو بەپاڵەوانی ناو حەکایەتان .

بۆراقەکانی ئاژگ ، هیچ کامیان لەوی تریان کەمتر نەبو ، هەمویان یان هەر لەبەرابییەوە بەرەبەنی هێنابویان ، یان دەستبەرداری ماڵ و منداڵ بوبون و لەڕیزەکانی ئاژگدا گیرسابونەوە ، ئەگەر کەموکووڕییەک هەبوبێت لەئاوەزی مندا بوە کە نەمزانیوە بەرەو ئاقارێکی باشتر پێش خۆمیان بدەم ، دەنا ئەوان هەمو وەک یەک جەربەزە و گیان لەسەردەست بون ، بەخوێنی ئەوان ئاژگ بو بەئاژگ .

لەم دواییانەدا کە شەڕ گەیشتبوە ترۆپک ، شەو نەبو بۆراقێکمان بەدەستی سەیزەوارزادەکان شەهید نەکرێت و چەتەوڵێکی ئەوانیش "کە بەزۆری هەر خەڵکەکەی پێشوی خۆمان بون ، هەر ئەو خەڵکەبون کە تا ساڵێک لەوەوبەر ئێمە سەرگەورە و کوێخایان بوین و ئێستاش سەیزەوار" ، بەدەستی ئیمە نەکوژرێت ، یاخود لەکێوماڵ و بۆسە بۆ یەکتر نانەوەدا ، یەکی نەفەرێکمان لێ هەڵنەخلیسکێتە ناو قارچکە گولانەوە و تا مردن تەختی ناو جێگە نەبێت .

بۆ ئێمەش و بۆ ئەوانیش کە خەریک بو قڕی یەگجارەکیمان تێدەکەوت ، شەوی قوربانییەک زۆر زۆربو .

لەڕاستیدا ئەو قارچکە گولانە خۆڕسک و دوابڕاوانەی لێ دەربکەیت کە خوا لەئەزەلەوە ناوچەی ئێمەی لێ پڕ کردبون و دەگوترا "یەکەمجار خەڵکی هەردو گولاوە بەساغ و سەلیمی هاتونەتە ئەو خاکە بەڵام کە لەویٚ لەشیان بەر ئەو قارچکە گولانەیە کەوتوە ئاوەها گول بون" ، ئیتر شتێکی دیکە لەناوماندا نەبو ئەوەندە کوشندە بێت ، بۆ شەڕیش جگە لەلیس و تێلا و خەنجەر و تاپڕ و ساچمەزەن و "تاکوتەرایەک بڕنەو کە بەم دواییانە سیزەوار لەبێگانەی خواستبون و لەگەڵ خۆی هێنابونی" شتێکی دیکە لەئارادا نەبو .

بەڵام بۆ ئێمە کە لەلایەکەوە رەحمی مێیینەکانمان بەگژوگیا و داوودەرمانی خۆماڵی خنیبو ، لەلایەکی ترەوە تۆومان لەهیچ گۆشەیەکی تری دنیادا بەجێ نەهێشتبو ، نەک هەر قارچکە گولانە خۆڕسکەکان ، بەڵکو ئەو لیس و تێلا و تاپڕ و ساچمەزەن و دانە دانە بڕنەوانەش یەگجار زۆربون .

*　　　　　*　　　　　*

سەرکردەکانی ئاژگ ئەمانە بون :

سەفەر کاکە وەیس ، عەلیار ئەکبەر ، تەها گەنج محەممەد ، جەمشید بابەکر ، چەورگ "حەمەد عەلی سەفا" ، کاکەبرا مەزن ، یاوەر ئەلیدوست ، فلامەرز وەلی ، کاکە موراد مەزن ، و ... چەندنی تری گەورە و بچوک کە راستەوخۆ خۆم سەرپەرشتیم دەکردن .

هەمو ئەو ناوانە "یەک – دوانێکیان لێدەرچێت کە ئەوانیش بەرودوا سەرنگوم کران" ئیتر ئەوەلایان خەڵکی گولاوەی سەرو بون ، بەڵام ریزەکانی خوارەوەمان خەڵکی گولاوەی خوارویان لەوە زیاتر تێدا بو.

سەفەر سەرکردە و بۆراقێکی گەلێک مەزن بو ، خوێندەوار و بەبیروباوەڕبو "شەش – حەوت ساڵی لەکن مەلایان خوێندبو" ، ئەگەرچی خەڵکی گولاوەی خواروبو ، بەڵام گولیەکەی وشک بو . ئەو ، چاوێکی تاریکی قەلپوچ و ، یەکێکی رۆشنی زەق و دەرپەڕیوی هەبو ، چاوی چەپی "واتە چاوە تاریکەکەی" یی ، هەمیشە بەجامەدانیەکەی سەری دادەپۆشی .

ئەم پیاوە جوامێرە چوارپەل ساغ و سەلیمە ، یەکێک بو لەو قوربانیانەی کە وەکو هەر هاتبوشن بۆ مردن ، نەهێڵرا بەئابڕوەوە بمرن .

ئەو ، هەر زوو "سەروەختی خەباتی شاخ" کەوتە ژێر بێڕەحمیی حوکمە توندوتیژەکانی پاشاگەردانیی ئەوسای شۆڕشەوە و بەفەرمانێکی تایبەتی ، لەشاخە قوچەوە توور درایە خوارەوە ، گوایە ئەگەر خێرا سەرنگوم نەکرایەت ئەوا رەنگبو بەیەگجاری لەڕێ لابدات و ، شان بکاتەوە

بەبەر ژیانی خێزانداریدا و ، بکەوێتەوە بەرهەمهێنانەوەی منداڵی گول و ئیفلیج ، یان لانیکەم بچێتەوە ناو ماڵ و منداڵەکەی خۆی ، کە لەبەر خاتریی شۆڕش دەستی لێهەڵگرتبون و ، ئەمجارەیان لەڕێی بوکهێنان و کچبەشودانەوە کێڵگەی چاندن و پەروەردەکردنی گولی دابمەزرێنێتەوە ، بەڵام بەداخەوە : ئەو تێڕوانینەی ئێمە کە زۆر درەنگ "پاش لەدەستدانی هەمو کاتەکان" راست کرایەوە و تێپەڕێندرا ، تێڕوانینێکی زۆر چەوت و چەوێڵ بو .

هەمو تاوانێکی سەفەر و چەندین کەسی تری ناو ریزەکانی سەر و خواری ئاژگ کە بەهەمان دەرد بران "ئەویش ئەگەر کردبێتیان" ، ئەوەبو گوایە ژێر بەژێر پەیوەندیی سۆزداری و لەشپەروەرییان لەتەک دژە رەگەزەکەی خۆیاندا هەبوە و هیچیتر ، ئیدی منداڵخستنەوەی چی کە ئێمە رەحمی هەمو مێیینەکانی ناو ئاژگ و سەر بەئاژگمان بەگژوگیای خۆماڵی خنیبو ؟

ئەو تاوانەی کە لەقۆناغی خەباتی شاخدا خەڵکانێکی لەسەر ئابڕو برا و کوژرا ، دواتر لەناو هەردو ئاواییدا ئەوەندە زەق و بڵاو بو ، ئەوەندە ئاشکرا و بەرچاو بو ، ئەگەر چاومان لێ نەقونجاندایە و بەپێی یاسا "بەمەرجی رێگرتن لەسکوزا" حەڵاڵمان نەکردایەت ، ئەوا دەبو هەموان ببەین "بەرپرس و نا بەرپرس - بەخۆیشمەوە" لەشاخە کووڕەوە بەریان بدەینەوە ، یان بەریان بۆ بەرەڵڵا بکەین بچن جارێکیتر بگلێنەوە ژیانی خێزانداری و لەناو چوار دیواری خێزاندا نەوسی خۆیان تێر بکەن .

*　　　　*　　　　*

قەت لەبیرم ناچێتەوە :

ساڵ ساڵی دەیەمی کۆچی – هەمیشەیی بو ، واتە ساڵی چوارەمی خەباتمان بو لەشاخ ، لەئاوایی سەروەوە مایینێکیان بەدیاری بۆ ناردم ، بەڵام مایین "ناوم نا ئاهو" ، حەیف ئاهو بەهۆی گولییەوە یەک تاڵ موو بەهیچ کوێیەوە نەمابو ، بەپێستە روت و قوتەکەیدا پێدەچو هەر لەبنەچەوە دەردە رێویی بەمیراتی بۆ بەجێمابێت ، تەنانەت پیرە مەیتەرەکانی هەردو ئاواییش نەیاندەزانی دەبێت ئەم مایینە لەئەسڵدا چ جۆر بوبێت ؟ ئەمن بۆ خۆم کە سواری دەبوم ، نەک زین و کورتان ، بەڵکو لەتە بەڕە کۆنێکیشم نەدەدا بەسەر پشتیدا .

سواریی ئاهو بەو پشتە روت و قوت و بێ مووەیەوە ، بۆ منێک کە کەوتبومە رودەربایسیی شۆڕش و هەمو پەیوەندییەکی رۆحی و مرۆیی تەک مێیینەم لەخۆم حەرام کردبو ، یەگجار هەستبزوێن و بەلەزەت بو ، زۆر جاران کە بەسەر پشتی ئەوەوە توشی بۆراقە مێیینەیەک دەهاتم ، لەخواری خوارەوە بەڕوتی خۆی هەڵدەکێشا لەئاوە لینجەکەی چەمە شا "واتە ئەو چەمەی کە بەبەر سەرکردایەتیدا رەت دەبو و دواجار بەبەر گولاوەدا شۆڕ دەبوەوە بەرەو دێهاتەکانی خوار گولاوە" ، رێک و راست نیوە مردو دەبوم و بەقەدەر نێرەکەرێکی فێگرتو لینجاوم لەناوگەڵەوە بەلاتەنیشت و بن سکی ئاهودا هەڵدەرشت .

ئاهو دۆتمامێکی زۆر ئازیز بو بۆ من ، یاخود بڵێم : لەجێی دۆتمامێکی زۆر ئازیز و کراوە بو بۆ من ، هەتا ئەو رۆژەی کە گولی گیانی کێشا و تۆپی ، بەتەواوی دابینی کردبوم ، وەلێ ئیتر

لەوەدوا بەتەواوی ئارامم لەبەر هەڵگیرا ، هەرچیم دەکرد نەمدەزانی چۆنچۆنی تیماری ئەو بێ ئارامییەم بکەم ؟ ناچار ماوەیەک خوم دایە شوتی "والێکردن" !

رۆژانە بەتاقی تەنیا ، لەقرچەقرچی گەرمای پاشنیوەڕوانی هاویندا "رێک کاتی خەوتنی بۆراقەکان" ، دەچومە بێستان "بێستان بێستانی ئاژگ خۆی بو" ، دەگەڕام گەورەترین شوتیم دەدۆزییەوە ، شوتیی وەها کە لەباری ستونی ناتە کۆشت ، لەسمت و کەفەڵی ئەسپەژنێک بچوکتر و کەم گیانتر نەبێت ، ئەوجا لێم دەکردەوە و بەخەیاڵی رفاندنی مێیینەیەکی عاسێ ، توند توند بەهەردو دەستم دەمگرتە سەر شانم و دەمڕفاندەوە بۆ کوخە تایبەتییەکەی خۆم ، هەر کە دەگەیشتمە کوخەکەم ، خێرا ، بەپەلە ، بەگەرمی ، کونێکی خڕم لەئاستێکی گونجاودا تێدەکرد "تۆزێک گەورەتر لەو کونەی کە لێکهەڵپێکانی پەنجە گەورەی دەست و پەنجەکەی تەنیشتی دروستی دەکات" ، ئەوجا لەو کونەوە تێم دەناو دەستم دەکرد بە "والێکردن" ی و وەک هەر جوتە بونەوەرێکی زیندو ، وەک هەر نێرو مێیەکی تینو ، تێروپڕ بەئاوی جەرگمان ئاوی جەرگی یەکتریمان دەدا ، لەکۆتاییشدا ناوەزێڵەکەییم دەردەهێنا دەمخوارد و ئەوەلایم لەپەنجەرەوە هەڵدەدایە دەرێ بۆ بەردەم وڵاخ و ئاژەڵان ، کە وەرزی شوتییش بەسەرچو ، ناچار خووم دایە قەل و قازو مراوی و مریشک و کەڵەشێر و کەر و ماکەر و ئەو شتانە ، بەڵام نەمدەوێرا توخنی دێڵە سەگ بکەوم ، دەترسام کە پێوەم لکا ، بەرم نەدات هەتا برادەران دەهێنێتە سەرم و ئابڕوی یەگجارەکیم دەبات .

بێگومان قەل و قاز و مراوی و کەڵەشێرم تەنها بۆ جوانی و بۆ خواردن رانەدەگرت "ئەگەرچی وا دەزانرا کە تەنها بۆ جوانی و بۆ خواردنم راگرتون" ، بەڵکو بەزۆری بۆ والێکردنم راگرتبون ، بەڵام ئەمان بەرگەی تێنانیان نەدەگرت ، لەبەرئەوە تەنها بۆم پێوە دەنان .

راستیەکەی والێکردنی ئەو ئاژەڵانەی کە گۆشتیان نەدەخورا "وەکو ماکەر" ، لەناو خێڵی ئێمەدا ئەوەندە عەیب نەبو ، هەر لەباب و باپیرەوە بۆ کوڕ بەجێ مابو ، بەڵام هینی ئەو ئاژەڵ و پەلەوەرانەی کە تیغیان لەسەر بو ، کوفری ڕەها بو ، بەتایبەتی "تایبەتی" کەڵەشێر کە من زۆرم حەز لەوالێکردنی بو و لەکاتی باڵقبونمەوە پێی فێر بوبوم و دەمزانی ئەگەر لەسەرت دانا و عەزێتت نەدا ، چەند میهرەبان دەبێت لەگەڵتدا و چ پاشەڵێکی گەرم و گوڕ و پرتە پرتکەرت دەخاتە خزمەتەوە !

خێڵی ئێمە جگە لەخوای تاق و تەنیا ، کەڵەشێریش خوایەکی تریان بو ، گوایە ئەو بوە کە نازانم چەند سەد ساڵ پێش سەردەمی ئێمە ، بنەماڵەکەی سەیحانی بابای بابام و سەیماری برایی ، لەسەر زەمینێکی ترەوە ، ڕێنمایی کردوە بۆ ئەم سەر زەمینەی کە هەردو گولاوەی لەسەر بنیاد نراوە و لەتیاچونی یەگجارەکی دەربازی کردون .

بەقسەی باپیرم و زۆربەی پیرەکانی هەردو ئاوایی ، خوێندنی کەڵەشێر لەناوەختدا ، هەرگیز نیشانەی خێر نەبوە ، لەناو دێهات و خێڵەکانی تری دەوروبەری خۆیشماندا هەر وەها دەگوترا ، بەڵام ئەوان مامەڵەیان لەتەک حاڵەتەکەدا جیاواز بو ، ئەوان ئەگەر کەڵەشێر لەناوەختدا بیخوێندایەت ، خێرا چەقۆیان دەخستە سەر ملی و سەریان دەبڕی و دەیانخوارد ، بەڵام لەناو ئێمەدا نەدەوێران ئەو ڕێنوێنەی بابای گەورەیان بکوژنەوە تەنها لەبەرئەوەی لەناوەختدا خوێندویەتی ، نەک هەر لەبەرئەوە نەیاندەکوشتەوە ، بەڵکو لەبەر هیچ شتێک ، لەبرساناش ، لەقات و قڕییاش ، نەیاندەکوشتەوە ، تەنانەت وای لێهاتبو کردبویانە تەوتەمی خێڵ و ئەگەر بهاتایەت یەک – دوانێکیان ، یاخود پۆلێکیان ، پێکەوە لەناوەختێکدا بیاندایەتە قوقە قوق ، ئەوا هەر هەمو خەڵک ، دەستەونزا ، لەچاوەڕوانیدا دەمانەوە تاکو بزانن کەڵەشێرەکان تاقەتیان هەیە ڕوەو کوێ باڵێک بکوتن بەیەکدا و دوو شەقاو بفڕن ، هەر هەمو بەرەو ئەوێ ڕابکەن و دەرباز

ببن ، گوایە ئەگەر سەیحان و سەیمار چەند سەد ساڵ لەوەوبەر بەدوای خوێندن و باڵە تەپێی ناوەختی کەڵەشێرەکانیاندا باڵیان نەگرتایەت و نەهاتنایەتە ئەم خاکە رزیوەی کە پاشان هەردو گولاوەیان تێدا بنیاد نا ، ئەوا ناویان چوبو بەکۆڵەکەی ئاشدا ، ئەوجا وەرە بزانە "کەڵەشێر والێکردن" چ تاوانێک دەبو بەلای نەک هەر خێڵەوە ، بەڵکو بەلای ئەو بۆراقانەشەوە کە دوو جار مەسەلەکەیان بەهەند وەرگرتبو : جارێک لەڕوی کەلتوری خێڵەوە ، جارێکیش لەڕوی کەلتوری شۆڕشەوە .

ئەی هەر ئاژگ خۆی نەبو بڕیاری قەدەغەکردنی "واکردن"ی لەگەڵ بۆراقی مێیینەدا دابو ؟

مەگەر ئەوە بەس نەبو بۆ ئەوەی هەمو واکردنێک ، لەگەڵ هەمو جۆرە بونەوەرێکدا ، بەعەیب و شکست و ناشۆڕشگێڕی لەقەڵەم بدرێت ؟

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەمو ساڵ پەرێشانییەی دوای تۆپینی ئاهو ، زیاد لەچەند سەد شوتیی زل زل و کەڵەشێری جوان جوانم والێکرد.

من کە ئەو کەڵەشێرانەم والێدەکرد ، چەنێک بۆ خۆدامرکاندنەوە وام لێدەکردن ، دوو ئەوەندە بۆ ئەوە وام لێدەکردن کە خوا بەیەگجاری غەزەبمان لێبگرێت و لەڕەگ و ریشەوە دەربێین .

مەگەر ئێمە بۆچی دابومانە شاخ ؟ بۆ ئەوە نەماندابوە شاخ ئاشبەتاڵ بەژیانی گولی بکەین ؟ ئاژگمان بۆ "ئاشبەتاڵکردن بەژیانی گولی" دانەمەزراندبو ؟ ئەی گولیی هەردو گولاوە بەرلەوەی لەجەستەی ئاژەڵ و دار و بەرد و گژوگیاو خاک و زەویوزارماندا چەکەرە بکات ، لەجەستە و لەدەماغی خۆماندا سەوز نەبوبو ؟ هەر خۆمان و باب و باپیری خۆمان نەبون ئەو هەمو منداڵە گول و ئیفلیج و چاو داقڵیشاو و دەم و لوت کرمۆڵ و لچ داخوراوەمان دەخستەوە و درێژەمان بەپاراستنی رەچڵەکی جوتە برا گولەکەی گولاوە دەدا ؟

کەواتە دەبو بەرلەوەی ببینە هۆی نغرۆبونی سەرزەمینی گولاوە ، رەگ و ریشەی خۆمانمان دەربهێنایەت کە بوبوە خاکێکی هەرە بەپیت بۆ چەکەرەکردن و سەوزبونی رەگی گولی ، یاخود دەبو هەر لەبەراییەوە "لەچل و چوار ساڵ پێش ئێستاوە" هەردو گولاوەمان بەسەر خۆماندا خاپور بکردایەت و لێبگەڕاینایە ببینە ئەفسانە ، نەوەکو هەر یەکە کەسی لەخۆی کاڵفامتری هەڵبخەڵەتاندایەت و ببدایەت بەکوشت "بەبیانوی ئەوەی بون و نەبونی گیانێکی بریندار لەلاشەیەکی گولدا جیاوازیی چییە و ، با بمرین و ، ئاشبەتاڵ بەژیانی گولی بکەین" ، کەچی خۆیشی لەولاوە سەعاتێک ژیانی گولیی بەیەک رەوە ئەسپ بکڕیایەتەوە بۆ خۆی !

من لەو کاولستانی رۆحەدا ، بەبێ حەسرەت رێم دەر نەدەبرد ، هەر ئەسڵەن حەسرەت بەسەهودا چوبو کە بازی خەیاڵی بەسەر منەوە نیشتبوەوە ، لەبەرئەوە بەردەوام کفرم دەکرد و کفرم دەکرد و کفرم دەکرد ، بەڵکو خوا غزەبم لێبگرێت و بەیەگجاری رزگارم ببێت لەلەوەڕاندن و دڵنەواییکردنی درۆیینەی ئەو مێگەلە گولەی کە لەتاو بیماریی گیان و لەشیان کەوتبونە دوای خەیاڵ پڵاویەکانی هەرزەکارێکی وەک من و حەسرەتەکەی سەرم .

بەڵام کە بینیم خوا تۆزە غەزەبێک بەڕەحمێکی زۆر گەورە دەزانێت "کە هەر لەڕاستیشدا رەحمێکی گەورە دەبو" و بەمنی رەوا نابینێت ، خووم دایە کەڵەشێر والێکردن .

من ئەو کەڵەشێرانەم چەنێک بۆ خۆدامرکاندنەوە والێدەکرد ، دوو ئەوەندە بۆ ئەوەم والێدەکردن کە خوا بەیەگجاری غەزەب لەخۆم و دارودەستەکەم بگرێت و لەڕەگ و ریشەوە دەرمانبهێنێت .

*                    *                    *

هیچ کاتێک رۆڵی بۆراقە مێیینەکانمان لەڕۆڵی بۆراقە نێرینەکانمان کەمتر نەبو ، بەڵام ئێمە بەباشمان نەدەزانی لەسەرکردایەتیدا جێیان بکەینەوە ، چونکە حەسرەتی رەحمەتی پێی وابو مێیینە بونەوەرێکە ئەگەر لەڕوی توانای لەشولاریشەوە کارا و لێهاتو بێت ، ئەوا لەچەندین روەوە لاوازە و هێنی پشت پێ بەستن نییە .

حەسرەت بەڕەحمەت بێت دەیگوت :

"مێیینە بەماچێک دەبرێتە ریزی شۆڕشەوە و بەماچێکیتر دەکرێتە سیخوڕ بەسەر شۆڕشەوە" .

ئەم بۆچونەی ئەو ، وەهای لەمن کرد "لەشاخ" بیر لەدۆزینەوە و دەرهێنانی ئەو دەزگایە بکەمەوە لەژندا کە رەنگە هۆکاری سەرەکیی لاوازیەکانی بێت ، ئەوەبو گەڕام ، گەڕام ، هەر گەڕام ، هیچ کوێیم بەعەقڵدا نەچو کە قابیلی ئەوەبێت بەئاسانی و بەبێ کەم و کووڕی خستنەوە دەربهێنرێت قژی نەبێت ، لەلایەکی تریشەوە کە دەیانگوت "درێژیی قژی ژن بەڵگەیە لەسەر کورتیی عەقڵی" ئەوە هێندەیتر سوری کردم لەسەر جێبەجێ کردنی داهێنانەکەم .

بۆ ئەم مەبەستە دەستەی سەرکردایەتیم کۆکردەوە و رامسپاردن راپرسییەک لەناو ریزەکانی ئاژگدا لەسەر پێشنیارەکەم ئەنجام بدەن ، کەچی کچان خۆیان نەبێت کە بەلایانەوە ئاسایی بو سەریان سفر بکەن ، یەک نێرینە دەنگی بۆ پەسەند کردنی پێشنیارەکەم نەدا .

لەگەڵ ئەوەشدا ، سەر سفر کردنی کچان بو بەنەریتێکی دیاری ناو ریزەکانمان و بەشی هەرە زۆری ئەو کچانەی کە دەهاتنە ناو ئاژگ بۆ ئەوەی ببنە بۆراق ، هەر لەڕێوە و لەدێوە کە دەهاتن ، بەسەری هەڵپاچراوەوە دەهاتن .

وەلێ بەداخی گرانەوە ، لەکۆتایی کۆتاییەکاندا بۆم ئاشکرابو کە ئەوان ئەو نەریتەیان لەخێڵەوە بۆ مابوەوە ، لەخێڵەوە "کە بەپێوەرەکەی خۆیان ، لەپای سوکە سەرییاندا سەریان دەتاشین و بەلەسەی ناو ئێمەیان دەکردن" بەرە بەرە راهاتبون لەسەر سەر سفر کردن و جامانە بەستن .

هەندێکیتر لەکچانی ریزەکانی ئاژگ ، گوڵی دابویە لوتیان و لابەلایەکی لوتی داکرماندبون .

دواجار بۆم دەرکەوت : ئەوانیش هەر بەهەمان دەردی ئەو کچانە چوبون کە بەسەری هەڵپاچراوەوە رەوانەی ناو ئێمە دەکران ، واتە ئەوانیش "هەندێکی کەمیان نەبێت کە لەزگماکەوە لوتیان کرمۆڵ بو" هەر خێڵ لوتی بڕی بون و رەوانەی ناو ئێمەی کردبون .

ویدا کە ئێمە بە "زڵێ" بانگمان دەکرد ، یەکێک بو لەو بۆراقە مێیینانەی ناو ئاژگ کە هەر لەئاواییەکەی خۆیانەوە "ئاوایی خوارو" ، بەسەری هەڵپاچراو و لوتی بڕراوەوە خۆی کرد بەناوماندا .

ئەو شەوەی کە ئەو هات ، شەوێکی فێنک بو ، سروشت لەژێر تریفەی مانگەشەودا خۆی روت و قوت کردبوەوە ، شەماڵ بۆنی گوڵیی هەردو ئاوایی گولاوەی بەچوارلای گەردوندا بڵاودەکردەوە .

زڵێ ، وەک ئەو ئاژەڵەی کە سەری لەتەنەکە خۆڵ دەگیرێت و توانای بینینی بەر پێی خۆیی نامێنێت ، بەلەپی هەردو دەستی ، توند توند روی خۆیی داپۆشی بو ، بەدەم لەترەوە دەهات بەرێوە ، دەهات بەرێوە و سەری دەسرەوانده هەوا بۆگەنەکەی پێشی ، بەڵام هەر نەدەگەیشت ، کە چوین بەپیریەوە زمانی لەگۆ چوبو ، تەنها ئەوەندەی لەدەست هات کە یەک چرکە لەپی دەستەکانی لەروی خۆی بگرێتەوە و بەو جۆرە لەحاڵی خۆیمان ئاگادار بکات .

زڵێی چی ؟ کە دەستی لەروی خۆی گرتەوە ، دەتگوت سکی بەگەردون هەبوە و بەسەر لەدایکبونی گەردونەوە توشی نەزیف بوە.

داخم ناچێت ، زڵێ ، ئەو بۆراقە قارەمانەی کە بەدوو – سێ دەسک گوڵ و گژوگیای کوتراو ، ئەو برینە زۆر سەختەی لەڕەگەوە وشک کرد و بۆ هەتا هەتایە لەژێر کوتێک لەزگەدا ناشتی و بەو جۆرە چەندین ساڵ لەڕیزەکانی ئاژگدا خزمەتی کرد ، هەر ئاژگ خۆی ، لەدۆڵی "مەرگ" ەوە فڕێی دایە خوارەوە و نەیهێشت بەئابڕووەوە بمرێت ، نەیهێشت ئەو ئابڕووە بۆ خۆی بسێنێتەوە کە خێڵ لێی سەندبوەوە و لەپێناویدا هاتبوە ناو ئاژگ ، گوایە نهێنیی زۆری ئاژگی لەبەردەستدا بوە و مانەوەی زیاتری جێگەی مەترسی دەبو .

لەڕاستیدا ئاژگ لەماوەی چواردە سال خەباتی شاخدا ، هیچ شەڕ و مەترسییەکی لەسەر نەبو ، تەنها ئەوەبو بوبو بەپەنای ئەو کەسانەی کە لەگولاودا هەڵیان نەدەکرد و پێ و پلی دەربازبونیان هەبو ، تەنها ئەوەبو دەستکارییەکی سادەی نەخشەی جوگرافی و کۆمەڵایەتیی جوتە گولاوەکەی سەیحان و سەیماری کردبو : لەکلکەی چەمە شاوە گواستبونیەوە بۆ بەرایی چەمەشا و گولاوەیەکی تری خواروی کردبوەوە بۆ نێر و گولاوەیەکی تری سەرو بۆ مێ و ، پەیوەندیی لەشپەروەریی نێوان خەڵکەکەیانی لەناو چوار دیواری خێزان هێنابوە دەرەوە و بردبویە ناو چوار دیواری ترس و بیم و حەرامەوە و بەئومێدی بنەبڕکردنی رەگی گولی ، رەحمی مێیینەکانی بەگژوگیا و داوودەرمانی خۆماڵی خنیبو و هیچیتر .

بەهەرحاڵ حەکایەتی مەرگی سەفەر و مەرگی زڵێ و هینی چەندان بۆراقی دیکەی نێر و مێ ، تەقەڵکارییەکی زۆری تێدا کرا تا درانە دەم یەک و پاساو دران ، مەگەر تەنها بەرپرسی راستەوخۆی دەزگای بەگ "واتە بەرژەوەندیی گولاوە" کە تاقە دەزگای نهێنگری ئاژگ بو و کارگەی چنینی چیرۆکان بو ، بیتوانیایەت لەوبارەیەوە قسەی ورد بکات .

* * *

لەم دواییانەدا ، لەڕیزەکانی خواری خوارەوەی ئاژگدا ، گردە پیاوێکی دەعبا ئاسامان هەبو کە هیچمان نەماندەزانی چی هێنابویە ناو ئێمە ؟ نەماندەزانی چۆن چۆنی توانیویەتی بگاتە ناو ئاواییەکانی ئێمە ، بەجوتە لاقێکی گێڕ و گەوێرەوە ؟ بەجوتە لاقێکەوە کە بەدیوی دەرەوەدا چەمابونەوە و دەتگوت دوو چڵ پیرە لاسکی چەماوەی دڕکاوین لەچەشنی قەدی یەکێک لەو هەمو گژوگیا پیرەڵۆکە دڕکاوی و کورتە بنە زیان بەخشانەی دەوروبەری گولاوە و بەزۆری زۆردارەکی سواریان بوە و لەخۆیی بەستون .

"گردە پیاو" لەناو ئاژگدا ئیشی ئەوەبو ئەگەر بەبۆن ، بەبیستن ، بەبینین ، سوسەی کەسێک یاخود دەعبایەکی غەریبە بکات ، دەست بکات بەوەڕە وەڕ و هێزەکانمانی لێ ئاگادار بکاتەوە .

ئەو ، هەر بەڕاستییش تەنها دەیتوانی وەک سەگ لەئیشارەت حاڵی ببێت و لەکاتی پێویستدا "بۆ نمونە ئەگەر برسیی بو یاخود سوسەی زەلامێک یان باڵندەیەک یان ئاژەڵێکی غەریبەی کرد" بوەڕێت و هیچیتر .

پاش دەستگیر کردنی سەیزەوار ، بۆمان دەرکەوت : ئەو دەعبایەی کە ئێمە لەناو خۆماندا گردە پیاومان پێ دەگوت ، ئەو فریشتەیە بوە کە گوایە لەدۆڵی نەوەن "دۆڵێکە دەکەوێتە نێوان گولاوە و دێهاتەکانی بەری خوارویەوە" توشی سەیزەوار هاتوە و ئاڵاوەتە کچە گەورەکەی و لێ نەگەڕاوە تا چواردە کوڕیان بوە ، پاشان لەپڕ لێیان بزر بوە و لەلای ئێمە گیرساوەتەوە .

راستیەکەی ، ئێمە قەت ئەوەندە سەهو نەبوین کە لەخۆمانەوە کەسێک لەڕیزەکانی ئاژگدا جێ بکەینەوە ئەگەر یەکێک لەبۆراقە هەرە دڵسۆزەکانمان نەیناسیایەت و بەدڵ "نەرمانە" ی بۆ نەکردایەت.

نەرمانە : بەو پاڵپشتینامە زارەکییەی بۆراقە دڵسۆزەکانمان دەگوترا کە تایبەت بو بەپاکی و دڵسۆزیی کەسی تازە هاتو .

ئەم نەرمانەیە ، دواتر لەلایەن بۆراقە بەرد هەڵکۆڵەرەکانمانەوە کورت دەکرایەوە بۆ "رەسمی تەیرێکی گول لەسەر سینەی بەردێکی روو تەخت" ، پاشان دەنێردرا بۆ ئەو دەستە و گروپەی کە کەسە تازە هاتوەکەی لێ دەگیرسایەوە .

بەڵام ئەم دەعبا "نەناس / نەناسراو" ە کە تەنانەت عەقڵی بەوەش نەدەشکا وەک هەر بونەوەرێکی ئەم گەردونە فراوانە "سەگ ، پشیلە ، مرۆڤ" بەناوێکەوە بانگ بکرێت و وەڵام بداتەوە ، ئەم دەعبا قەزەمە کە تەنها دەمانتوانی لێی بوەڕین و بەو جۆرە ئاوڕی بەلای خۆماندا پێ بدەینەوە ، و پاشان بەئیشارەت پێی بڵێین : واوە بڕۆ یان واوە مەڕۆ ، بەبێ ناو ، بەبێ ناونیشان ، بەبێ شوناس و بەبێ نەرمانە و بەبێ هیچ شتێک ، تەنها و تەنها لەبەرئەوەی کە خۆمان ئاسا گول بو و هیچیتر ، لەڕیزەکانی ئاژگدا جێی کرایەوە .

بەداخی گرانەوە : ئێمە واماندەزانی ئەویش هەر سەییدە و فەرزەندێکی کێویی یەکێک لەنەوە پەڕیوە و هەڵکەندراوەکانی سەیحان و سەیمارە و بەسیلەی رەحم نەک بەعەقڵ "چونکە عەقڵ مەعازەڵڵا لەسەریدا نەبو" باڵە نیشتیمان پەروەرەکەی خێڵی خۆیی دۆزیوەتەوە و هاتوە ئاشبەتاڵ بەژیانی گولی بکات ، کەچی وەها دەرنەچو .

گردە پیاو ، بەو هەمو لاژگی و نەزانییە خۆڕسکەی خۆیەوە ، چوار ساڵ "تا ئەو رۆژەی کە سەیزەوارمان بەدیل گرت و پەلکێشمان کردە ناوچەکانی خۆمان" لەڕیزەکانی ئاژگدا مایەوە ،

بەبێ ئەوەی لەبلەبانترین سەرکردە بتوانێت "چ بەقسە ، چ بەوەڕین ، چ بەئیشارەت" هەڵبیخەڵەتێنێت و بیدات بەکوشت بەبیانوی ئەوەی "بون و نەبونی گیانێکی بریندار لەلاشەیەکی گولدا جیاوازی چییە و ، با بمرین و ، ئاشبەتاڵ بەژیانی گولی بکەین" ، چونکە ئەو لەئەسڵدا جێیەک لەسەریدا یان لەدڵیدا نەبو بۆ لەخۆگرتنی هیچ قسە و ئیشارەتێک کە هەڵیبنێت بۆ ناو ئاگر و وەی .

گردە پیاو ، تەنها خۆڕسکانە دەیتوانی خۆی لەمەرگ کەنار بگرێت و ، لەڕێی وەرینەوە خۆی و هێزەکانمان و خەڵکی ئاوایی لەمەترسیی بونەوەری غەریب و دیاردەگەلێکی سروشتیی وەکو با و هەورە بروسکەی زۆر و بارانی توڕە ، ئاگادار بکاتەوە و ، بخوات و ، جاروبار "وەک لەبارەیەوە دەگێڕدرایەوە" بچێتە کوخەکەی خۆی و وەکو گۆڵە سەگ مرخە مرخ بەدەستی و بەبەینی رانە سەقەتەکانی ، خۆی دابمرکێنێتەوە و هیچیتر ، کەچی کە سەیزەواری بەدەست هێزەکانمانەوە بینیبو پەلکێش دەکرێت ، بەبێ ئەوەی عەقڵی بەوە بشکێت کە ئەمە دیلە و لەهەمو دەسەڵاتێک داماڵدراوە و تازە ئیتر مایەی مەترسی نییە بۆ سەر ئەو ، رێک و راست بەلەسە بوبو ، من خۆم ماوەیەکی زۆر لەناو ئەو هەمو کوژراوەدا بۆ تەرمەکەی گەڕام ، نەبو و نەبو .
ئەمێستا لەم توناو تونی بێچاوییەدا ، ترسی ئەوەمە کە هێشتا من دوایین پیاوی گول نەبم و ، پاش من جارێکیتر گولی لەسینەی گردە پیاوی هەڵاتودا سەر هەڵبداتەوە و ، تا هەتایە نیشتیمانەکەی سەیحان و سەیجان ، خاکی ژێر پێی مرۆڤی گول بێت .

* * *

سەیزەوایان هێنایە بەر دەرکی ماڵەکەم و پەستایانە ژورەوە ، پیر پیر ، بەکۆمە کۆم و خەجاڵەتییەوە "کە ئەوسا مابوینەوە خۆ و خۆی" قونی دایەوە و ، بەبێ ئەوەی زۆرم لەسەری بێت سەبارەت بەزۆر شت قسەی بۆ کردم : سەبارەت بەنەهێنیی ئەو تەمەنە زۆرەی ، سەبارەت بەجۆری نەخۆشینەکەی ، سەبارەت بەگردە پیاو و ... هتد .

ئەوجا بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو مانگ و دوو مانگە حیزەی کە رەنگە بەبەر ژیانییەوە مابوبێت ، کەوتە پاڕانەوە و بەڵێنی دا ئەگەر نەیکوژم نهێنیی زۆری لایە پێمیان دەڵێت "وایدەزانی ئێستا نا تۆزێکیتر بەشەق و پێلەقە دەیکوژم ، نەیدەزانی ئەسڵەن پێم عەیب و شورەییە زلەیەکیشی لێ بدەم ، یان لێبگەڕێم بەدەست و پێی بەستراوەوە بۆمی بەجێ بهێڵن" ، ئیدی پاش ئەوە بەجێم هێشت و گەڕامەوە مەیدانی شەڕ ، برادەرانیشم راسپارد نان و ئاو و خۆراکی بۆ ببەن و لێگەڕێن بەئیسراحەتی خۆی دابنیشێت تا دوانیوڕۆ دەگەڕێمەوە بۆ لای ، ئەمە نەک لەبەرئەوەی بەڵێنی پێم دابو نهێنیگەلێکم بخاتە بەر دەست ، نەخێر ، بەڵکو هەر لەڕاستیدا دامنابو لێیگەڕێم وەکو هەمو کەسێکی تری ئاسایی "کە بەمەرگی خوا دەمرن" بمرێت ، بەتایبەتی کە دەمزانی تەمەنی درێژی لەسەدا یەکی خەڵکی گولاوە ، هەرگیز لەو جێیە بەولاوەتر ناڕوات کە تەمەنی سەیزەواری گەییبویێ .

بەڵام کە هاتمەوە گوتیان :

ڕێک دوای چونەدەرەوەی تۆ ، چەورگ "بەرپرسی یەکەمی بەگ" هاتوە دەریکێشاوەتە دەرەوە و کوشتویەتی .

لەگەڵ ئەو قسەیەم بیست ، تاس بردمیەوە ، یەکسەر بیرم بۆ ئەوە چو کە رەنگە نهێنیەکانی لای سەیزەوار ، بەشی هەرە زۆریان ، تایبەت بوبن بەچەورگ ، داڵغەی سەفەر لێیدام : "تۆ بڵێی چەورگ سەفەری لەسەر داوای سەیزەوار و بەپارەی سەیزەوار نەکوشتبێت ؟" .

سەفەر برازای سەیزەواربو ...

من هەر ئەوساش لەشاخ کە چەورگ سەفەری کۆت کرد و ناردی لەشاخە کوورەوە هەڵیبدەنە خوارەوە ، دەمزانی کە مەسەلەکە تەنها پەیوەست نییە بەتۆمەتی لەشپەروەرییەوە ، دەمزانی کە حەتمەن شتێکی دیکە لەئارادایە ، دەشمزانی کە ئەو شتە پەیوەندیی بەخزمایەتیی نێوان سەیزەوار و سەفەرەوە هەیە ، بەڵام گوێی خۆمم لێ کەڕ کرد ، ئیتر عەقڵم بۆ ئەوە نەدەچو کە سەیزەوار پارەی دابێت بۆ ئەوەی سەفەری بۆ بکوژن ، عەقڵم بۆ ئەوە نەدەچو کە چەورگ کرێگرتەی سەیزەوار بێت ، بەپێچەوانەوە : وام هەست دەکرد کە دەبێت سەفەر کرێگرتەی سەیزەوار بوبێت و حەتمەن چەورگ بەوەی زانیبێت و قەبوڵی نەکردبێت ، ئەوجا لەکارگەی چیرۆکچنینێ ، چیرۆکی لەشپەروەریی بۆ بەهانەی کوشتنەکەی چنیبێت .

چەورگ ئامۆزای هەق و دادی خۆم بو ، نەدەکرا بەگومانەوە مامەڵەی لەتەکدا بکەم ، باوکی ئەو دوایین برای زیندوی باوکم بو کە تا ساڵێکیش بەر لەمردنی باوکم هەر لەژیاندا بو .

چەورگ لەئەسڵدا ناوی حەمەد بو ، بەڵام لەبەرئەوەی باوکی ئاسا ئەوەندە چەورەیی دەکرد ، من بەخۆم ئەو چەورگەم وەک نیوەناو بەسەریدا بڕیبو .

باوکی چەورگ هەر خەریکی راوە گوڵ و راوە پەپولە بو ، وشکی دەکردن و تێکەڵی دەکردن بەسەر یەکدا و لەدەستکەواندا دەیکوتین ، ئەوجا بەپێی پێویست لەکاتی بەکارهێناندا ، لەگەڵ تووی

خۆیدا تێکەڵەیەکی لینجی لێ دروست دەکردن و ، بەو تێکەڵەیە شەو و ڕۆژی چوار جار برینەکەی بن باڵی خۆی و ، هینەکەی بەینی ڕانی ژنەکەی کە ڕێک پشتی دەزگای زاو و زێی گرتبوەوە ، چەور دەکرد .

باوکی چەورگ ، تەنها وەرزی دەرکەوتنی گوڵ و پەپولان کار و کاسبیی دەکرد ، کار و کاسبیەکەشی ئەوەبو کە گوتم ، بەڵام جاروباریش لەشەوانی وەرزەکانی تردا ، شەکردانێکی لەپەڕۆیەکەوە دەپێچا و دەیخستە بن باڵە ساغەکەی و لەدەرگای چەند ماڵە دۆستێکی دەدا "گوایە شەکریان لێ بڕاوە و بۆ شەکر چوە" ، نەمدەزانی دەبێت مامم ئەو هەمو شەکرەی بۆچی بێت و چۆن ڕوی دێت بەو هەمو سەروەت و سامانەوە "ڕۆژێک نییە ، دوان نییە ، سیان نییە" ئەوەندە دەرگا و دەرگا بکات بۆ دوو کلۆ قەند و ناچێت لەدوکانەکەی سەی کەریم بیکڕێت ؟ دواجار زانیم کە ئەو دەرگا و دەرگایەشی هەر بۆ پەیداکردنی تووی نێرینە بوە و هینی خۆی ئەوەندە نەبوە کە هەمو ژەمە تەداویەکانی پێ دابین بکات .

من ورد و درشتی ئەم باسەم لەدایکم گوێ لێ بوە ، لەدایکم "کە بۆ میوانە پلە یەکەکانی خۆیی باس دەکرد" دور و نزیک ئەو حەکایەتەم بیستوە .

حەتمەن باوکی منیش "بەو پێیەی کە برای عەلی سەفای باوکی چەورگ بو" بەهەمان شێوە برینەکەی بن باڵی خۆیی تەداوی کردوە ، بەڵام بڕوا ناکەم دایکم وەکو دایکی چەورگ بوبێت . دایکی چەورگ ، ئامۆزای ڕاستەقینەی باوکم و ئەوان بو ، حەتمەن هەمان دەرد و هەمان جۆرە برینی ئەوانی بەلەشەوە بوە ، ئەگەرچی وەکو ئەوان برینەکەی لەبن باڵیدا نەبوە ، بەڵام دایکم دوو – سێ زایان لەگەڵ باوکمدا کەوتبوە بەین ، لەبەرئەوە پێم وانییە ئەو پێویستی بەو دەرمانە هەبوبێت بۆ تەداویکردنی لەشی .

چوزانم ، خۆ ڕەنگە بەسەهوشدا چوبم ! ڕەنگە دایکیشم هەر وەکو ئەوان بوبێت ، بەڵام چی بکەم ، حەز دەکەم ئەو ڕەنگەیە لەبن زارمدا ونجڕ ونجڕ بکەم و نەیهێنمە سەر زارم ، حەز دەکەم دایکم ژێر بەژێر ژنی لابەلایەکی خەڵکی هەردو گولاوە بوبێت ، بەڵام حەز ناکەم هیچ شتێکی لەباوکم چوبێت ، حەز ناکەم هیچ شتێکی لەچەورگ و باوک و دایکی چەورگ چوبێت !
بێگومان ئەگەر من دەستی خۆمم پێش نەخستبایەت و چەورگ "بەگ" م پاک چەور نەکردبایەت ، حەتمەن ئەو منی چەور دەکرد و ، لەکارگەی چیرۆکچنینەکەی خۆی "بەگ" مەڵهەمێکی باشی لەوەی دایک و باوکی بۆ دەگرتمەوە و لەپێشاندا دەیکردە قوونم ئەوجا چاوم.
داخی ئەوەم لێدێت کە پەلەم کرد ، هەمو چیرۆکە هەڵبەستراوەکانی کارگەکەیم لەبن زاری دەرنەکێشا .

*          *          *

لەو کاتەدا کە مابوینەوە خۆم و خۆی ، بەشاڵە سەوزەکەی پشتیەوە ، بەمشکییە خەت پانە تەخت سەوزەکەی سەریەوە ، بەپێستە سورە زەردباوەکەیەوە ، وەک سەماوەرێکی مسینی زۆر کۆن دەهاتە بەر چاوم ، وەک ئەو سەماوەرەی کە لەقەڵای "ئاڵەک" ی پشت گولاوەی سەرو ، دوای هەڵدانەوەی دوو گەز خاک ، شانی بەر نوکە پاچەکەی باپیرم کەوتبو و زریکاندبوی و ، باپیرم بۆ گاڵتە دەیگوت پێی گوتوم : "شانم مەشکێنە کابرا ، خۆ من مردو نیم ئێشم پێ نەگات ، دەرمبێنە بۆ خاتری خوا" .

سەیزەوار ئەگەر سەماوەر بوایەت و دەستکردی باشترین وەستای گولاوە بوایەت ، ئەوجایش پەنجا ساڵ بو لەگەڵ کارسازەکەیدا رزیبون ، کەچی زرت و زیندو ، بەتەنیشت سەماوەرە مسینە نوێیەکەی ژورەکەمەوە کە ئاوی هاتبوە کوڵ ، ئۆقرەی گرتبو ، رەنگی پێستی لەڕەنگی سەماوەرەکە رۆشنتر بو "بەڵام ئیدی بەڵێنی ئەوەی لێ وەرگرتبوم کە نایکوژم" .

دەیگوت : "دەزانیت من ئەم سییانەی خۆمم بەچی تا ئێستا پاراستوە؟" .

دوپاتی دەکردەوە و دەیپرسی : "ها ؟ خۆ تۆ دەزانیت : بەمنیان دەگوت سەیزەوار سیلیەتی و سییەکانی رزیون و هاکا بەلادا هات" .

من قەت نەمبیستبو هەڵمژینی بۆچەکی نینۆک و قژ و ریش و مووی سوتێنراو ، بۆ سیی رزیو بەکەڵک بێت ، لەسەیزەوارم بیست .

بیستبوم ، بەمنداڵی بیستبوم : سەیزەوار ماڵەوماڵی دنیایێ دەکات و دەستی پیر و گەنجان ماچ دەکات ئەگەر نینۆکیان کرد فڕێی نەدەن ، کۆی بکەنەوە بۆ ئەو ، بەڵام نەمدەزانی ئەو نینۆکە چڵکن و پیسانەی بۆچییە ، کە بەچەقۆ دەکران و ، هیچ کام لەمن و لەنازداری خوشکم لەناو بیست قامکی دەست و پێمان نینۆکی یەک پەنجەمانمان بەساغی و بەکەوانەیی بۆ دەرنەدەهێندران ؟ نەمدەزانی بۆچی ئەوەندە بەو پیرانەوە دەنیشێتەوە و بەدەوروخولیاندا دێت کە ریش دێڵنەوە و درەنگ درەنگ ریش دەتاشن ؟

سەیر ئەوەبو سەیزەوار بۆ قژ و کوڵک و موو چنینەوە ، زیاتر دەرگای ئەو ماڵانەی دەتاقاندەوە کە زۆرترین منداڵی رشکن و پیس و پۆخڵترین دایک و کوڵکنترین نەنک و دڵمردوترین کچ و بۆگەنترین پیاویان تێدابو "رەنگە بۆچەکی کوڵک و مووی ئەوان کاراتر بوبێت بۆ دەردەکەی" . پیرە سەماوەر "سەیزەوار" کە بەڕەنگێکی رۆشنتر لەسورە زەردباوەکەی خۆیەوە تا ئەو وەختە بەرامبەرم دانیشتبو و قسانی دەکرد ، لەپڕ رەنگی گۆڕا ، تومەز لەڕەنگی شێواو و بزڕکاوی ئەو دواییەی من کە بەهۆی باسی کوڵک و موو و نینۆک سوتاندنەوە پێمەوە دیاریی دابو ، سڵەمیوەتەوە ، بەڵام ئەوێک کە ئەو هەمو تەمەنەی بەمەمنونی راکێشابو و یەک تۆزی لێ بەگلەیی نەبو ، دەیزانی بۆچی لەپڕ رەنگم بزڕکا و چ پرسیارێکم بەزەیندا تێپەڕی ، بۆیە رێک لەشوێنی خۆیدا "بەبێ ئەوەی پرسیاری لێ بکەم" هاتە وەڵام و دەستی کرد بەپاکانە کردن :

"بەڵام .. باوەڕ بکە ... من .... هیچ کات و سەردەمێک ، نەچوم زۆر لەخەڵک بکەم و لەپای بەهانە و قسەی هەڵبەستراودا نینۆکیان دەربهێنم ، قژیان هەڵبپاچم ، پرچیان ببڕم و ریشیان دەستکەنە بکەم ، ئەمە چییە ئیشم بەنینۆک و کوڵک و مووی ئەوان دەڕوات" .

زەوار دەیگوت :

"خۆ من زوحاک نەبوم : دەچو مارەکانی سەر شانی خۆیی لەسەر مێشکی منداڵ و پاتاڵی خەڵک دەلەوەڕاند" .

زەوار راستی دەکرد : هیچ کام لەو کارانەی نەکردبو ، هەتا بنەماڵەی سەیحان دەستیان لەفەرمانڕەوایەتیی گولاوە هەڵگرت و ئاشبەتاڵیان کرد .

راستی دەکرد : بەرلەوەی کە ئەو جلەوی خەڵکی هەردو گولاوەی بکەوێتە دەست و ، دەست بکات بەقانگدانی سییە رزیوەکانی خۆی "بەدوکەڵی نینۆک و قژ و کوڵک و مووی هەڵپروزێنراوی خەڵک" ، ئەوە پیشەی بنەماڵەی سەیحان بو نەک هینی ئەو .

بەهەرحاڵ ئاخری پاش چل و چوار ساڵ ، چاوم پێی کەوەتەوە و لەدڵی خۆمدا چەپڵەیەکی قایمم بۆ ئەو کەسە لێ دا کە گوتویەتی : "هەر کێو بەکێو ناگات ، دەنا ئادەم بەئادەم هەر دەگات" .

*　　　　　*　　　　　*

که پاش چوارده ساڵ پەڕیدەیی و ژیانی کوخ نشینیی ناو شاخ ، پاش چوارده ساڵ ژیانی رەبەنی و بۆراقایەتی "ژن بەجیا لەکوخی خۆیدا و پیاو بەجیا لەکوخی خۆیا" ، بەپشتگیریی هەندێک لەسەرەک خێڵەکانی دەرودراوسێ ، گەڕاینەوە ناو ئاوەدانی و ئاواییەکانی خۆمان ، سەیزەوار فەرمانڕەوای یەکەم و بکوژ و ببڕی سەرجەم ئەو رەشە خێزانە بێ دەرامەتانەی هەردو گولاوە بو که بەشی هەرە زۆریان لەناو جێگادا کەوتبون و ، گولی وەها هەڵی بزڕکاندبون بەئاستەم دەتوانرا کونیلەیەک یان دوان لەڕوبەری هەمو دەموچاوە چرچ و گرمۆڵەبوەکانیاندا بدۆزرێتەوە ، ئەویش بەبێ ئەوەی بزانرێت ئەمە کونی چاوە ، یان کونی دەمە ، یاخود کونی هاتوچۆی کرمە ؟

سەیزەوار فەرمانڕەوای یەکەم و بکوژ و ببڕی سەرجەم ئەو رەشە خێزانانە بو که هەیانبو تاقه یەک کەسی نەبو کەڵکی ئیشکردنی هەبێت و بتوانێت بەبەری رەنج و کۆششی یەک ساڵی رەبەقی خۆی تاقه یەک دانە لاکەوتەی خێزانەکەی بدات بەکۆڵی ئێستردا و بیباتە سەر حەکیم .

که ئێمە گەڕاینەوە ، سەیزەوار لەماوەی چوارده ساڵدا ، لەباوکم زۆر خراپتری بەخەڵک کردبو . یەک دۆستی نەبو "لەهەردو گولاوەدا" بیداتە بەر خۆی و لەگەڵیدا هەڵبێت بۆ شاخ ، جگه لەپیرێژنەکەی و سێ کچە گزگلەکەی خۆی .

سەیزەوار ، لێ نەگەڕابو خەڵکی گولاوە ، لەسایەی ئاشبەتاڵەکەی نەوەی سەیحاندا ، تەنها یەک مانگ ژیانی بێ کوێخایی و بێ سەرگەورەیی تاقی بکەنەوە و بزانن تام و رەنگی چۆنە ؟ خێرا

"بەبیانوی ئەوەی بەتەمەنترین نەوەی سەیمارە و نۆرە فەرمانڕەواییەتی" جڵەوی کردبونەوە و وەهای لێ توند کردبونەوە سەدەها جار لغاوی لەزاردا پچڕاندبون .

سەیزەوار و هەمو ئەو سەگە دڕە دەعبا ڕەنگانەشی کە نازانم ئەم ئەوانی کڕیبو ، یان ئەوان ئەمیان کڕیبو ، لەسەر دەستی بۆراقەکانی ئاژگدا بون بەگەرد و خۆڵ و تێکەڵی خاکی گولاوە کران .

ئەمێستا لاشەی هەر هەمویان ، بەسەیزەوار و چەورگی لای خۆیشمەوە ، بەلاشەی پیرۆزی زۆربەی هەرە زۆری بۆراقەکانی ئاژگیشەوە ، لەناو کۆڵان و ، بەر دوکان و ، گوێچەم و ، سەر کانی و ، بن درەخت و ، سەربان و ، بن بان و ، بەر حەوشەی مزگەوت و ، پەنا گرد و ، بن بەردی دەر و ژوری هەردو ئاواییدا کەوتون .

من خۆم ، لەگەڵ چوار بۆراقی بڕنەو بەدەستی دەستەی تایبەتیی خۆمدا ، لەهەمویان ورد بومەوە ، لەهەر چواردە کوڕەکەی گردە پیاو کە دەکەنە کچەزای سەزەوار و ، لەهەمو سەگە دڕە دەعبا ڕەنگە بێگانەکان و ، خودی سەیزەوار و ، چەورگ و ، ژمارەیەکی زۆر زۆر لەلاشەی پیرۆزی بۆراقەکانی خۆیشمان ورد بومەوە ، کەچی ئێستا و ئەوساش گردە پیاوم تێدا بەدی نەکردن .

دەعبا بێگانەکان گول نەبون ، کەچی هەر هەمو وەکو گول ، یان وەکو ئەوەی گەورەیەکیان بەمەکینە و مەقەستان گوێی کەچ کردبن بۆ ئەوەی هەرگیزاو هەرگیز لەیەکتر بزر نەبن و یەکتر بناسنەوە ، ئاوەها بەشی سەرەوەی کڕکڕاگەی گوێی چەپیان بەدەستی ئەنقەست کەچ کرابو ، بەبێ ئەوەی شوێنی یەک برینۆکەی وشک و تەڕیان پێوە بەجێهێڵرابێت .

دەعبا بێگانەکان نە گول بون هەتا ئێمە ئاسا بەدەست گولییەوە لەژیان بیزار بوبن و ئاوەها شانبەشانی سەیزەوارە گول خۆ بدەن بەکوشت ، نە پەیوەندییشیان بەشەڕی ئێمەوە هەبو ، ئیدی نازانم بۆ وایان کرد ؟

ئێمە دوو رۆژ بەر لەو پەلامار و کوشتارە یەگجارەکییە ، هەواڵمان بۆ هات کە دەعباکان لەلایەن حەکیمەکانی خێڵی خۆیانەوە ، دەرمانێکی گیراوەیان لەتەنەکەی سەر مۆردا بۆ هاتوە ، بەڵام نەماندەزانی دەبێت ئەو دەرمانە چی بێت ؟ ئەمێستا بەبۆنەکەیدا وای بۆ دەچم کە ئەو دەرمانە ، گیراوەی قارچکە گولانەی هاڕدراو و لەتکە سێوی رزیو و شیری وشک بوبێت .

بەهەرحاڵ ئەوان چەند سەعاتێک بەرلەوەی ئەم هەڵمەتە خۆکوژییە بهێننە سەرمان ، خۆیان و کرێگرتەکانیان ، ماڵ بەماڵی سەر و خواری هەردو ئاوایی گولاوەیان تەی کردبو و ، بەبیانوی ئەوەی تیمی تەندروستیی تایبەت بەبنەبڕکردنی گولین ، لەو دەررمانەیان کردبوە ناو دانە بەدانەی مەشکەی هەردو ئاواییەوە و بەخەڵکەکەیان راگەیاندبو : "خوا یاربێت ئەو دەرمانە شیفای یەگجارەکیی ورد و درشت و تەڕ و وشکی برینەکانیان دەبێت" .

*                    *                    *

لەڕاستیدا ، هیچ کام لەقۆناغەکانی فەرمانڕەوایی باوکم و سەیزەوار و ئاژگ ، بۆ خەڵکی هیچ کام لەهەردو ئاواییەکەی گولاوە ، قۆناغی زێڕین و مسین و تەنانەت تەنەکەییش نەبون ، قۆناغی فەرمانڕەوایی باپیریشم "ئەگەرچی زۆر بەبیری من نایەت" ، مادەم ژێر بەژێر باوکم دەستی تێ وەرداوە ، دڵنیام ئەو قۆناغە پرشنگدارە نەبوە هەنسکی بۆ هەڵبکێشین ، تەنها ئەوەندە هەبوە ئەوسا خەڵک تا رادەیەک دیندارتر و ترسنۆکتر بون ، ئامرازەکانی بیراز و فەلاقەکردن سادەتر بون ، خزمایەتیی نێوان خەڵکی ئاوایی سەرو و ئاوایی خوارو ئەوەندە "زا" ی تێ نەکەوتوە ، خێڵەکانی دەرودراوسێشمان لێمانگەڕاون ، چونکە زانیویانە لەوە سادە و ساویلکەترین بەمافی خۆمانی بزانین پیایاندا هەڵبشاخێینەوە و بڵێین : "مادەم تیماری ئەم گولییەمان ناکەن ، ئەوا دەست لەهەمو کاسە و کەوچک و شتومەک و کەلوپەلێکتانەوە دەدەین با ئێوەش توش ببن و گولی سەرلەبەری جەستەتان وەکو سێوێکی نوستوی باوەشی کەڕەگەڵا دابکرمێنێت" .

تەنها ئاڵوگۆڕێکی تازە کە لەقۆناغی نوێی فەرمانڕەوایی گولاوەدا روی دا ، ئەوەبو : لەسایەی ئێمە و سەیزەوارزادەکاندا ، هەردو گولاوە ، بۆ یەکەم جار لەمیژوی خۆیاندا ، تاقە شتێکیان بەیەکسانی ، بەوپەڕی یەکسانی ، لەنێوانی خۆیاندا دابەش کرد ، ئەویش مەرگ بو : بەشی پیر و گەنج ، نێر و مێ ، ساوا و پێرەوکە ، مرۆڤی تەڕبرین و وشکبرین ، بەقەدەر یەک درا ! بەبێ رەچاوکردنی کەمی و زۆریی تەمەن ، بەبێ رەچاوکردنی گەورەیی و بچوکیی سی و گەدە ، بەبێ رەچاوکردنی بەرزی و نزمیی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی .

ئەمێستا بەهەڵکردنی ئەم بایەدا ، بەهەڵکردنی ئەم بایە گەرمە نەرمەڕۆیەدا کە دەڵێی کفنێکی ئەستورە و خۆی لەقەد و باڵای گەردونەوە هەڵدەپێچێت ، پێدەچێت شەو داهاتبێت ، ئەگەر شەو داهاتبێت ئەوا دەکاتە دوو شەو کە سەرلەبەری دانیشتوانی گولاوە ، بەخەڵکی سڤیل و نا سڤیلەوە ، بەبۆراق و چەتەوڵەوە ، لەخوە هەڵنەستاون ، خۆیشم لەپێدەی ئەمڕۆوە ، بەم گردە بێڕەحمەوە گیرم خواردوە و چاوەکانم خامۆش خامۆش لەبڵێسە کەوتون ، ناتوانم بکەومە سەر شانەکەی ترم ، نازانم کێی دیکە لەدەوروبەرمەوە سەری یەگجارەکیی ناوەتەوە ، بەڵام دەزانم چوار ئاخرین زیندوی نیشتیمانەکەم "هۆمەر ، هەباس ، مەمەند و حەمەلاو" م لەگەڵ بون ، نازانم ، لەوانەیە ئەوانیش هەر لەو جێیەی کە داممەزراندن لێی ، نەترازابن ، لەوانەیە ئەوانیش هێشتا گیانیان دەرنەچوبێت ، بەڵام دەزانم زیندوبونەوەیان نییە ، تازە هیچ کام لەپاڵەوانەکانی ئاژگ و ، هیچ کام لەخەڵکە رەش و روتە نەخۆشەکەی بن جێ ، هیچ کەس لەخەڵکی سەر و خواری هەردو ئاوایی ، ناتوانن راست ببنەوە و هەڵشاخێنەوە بەڕوی خیانەتی مەشکەکاندا ، ناتوانن سییەکانیان لەو بایە بەتاڵ بکەنەوە و لەو خەوی مەرگە راست ببنەوە کە سەر لەئێوارەی دوێنێ ، لەمەشکەی ماڵە لەخشتەبراوەکانی هەردو گولاوەوە دەڵەی کرد و هەموانی نوقمی ئەم خەواڵویی و بێچاوییە کرد. ئای خوایە چەند لەچاوەکانم دور کەوتومەتەوە ؟ خوایە چاوەکانم چەند لەمن دور کەوتونەتەوە ؟ خوایە چەند خۆشە ئەم پڕبون لەهیچە ؟ چەند هیچە ئەم پڕبون لەهیچە ؟ ئەمێستا سەرم پڕە لەهیچ ! پڕ پڕە لەهیچ ! لاشەم وا خەریکە چۆڕەبڕ دەبێت لەگولی و لێوانلێو دەبێت لەهیچ ! لەهیچی روت و قوت و رەها !

عەلیاریش لەسەرەمەرگدا رێک ئەم حاڵەتەی منی هەبو : شەش مانگ پێش ئێستا ، کرێگرتەیەکی سەیزەوار ، لەچەقی گولاوەی سەرودا ، دایە بەر چەقۆ و کوشتی ! وەختێک چومە سەری ،

هەستم دەکرد زۆر کەیفی بەوە دێت کەوا خەریکە چۆڕەبڕ دەبێت لەگولی و پڕ دەبێت لەهیچی روت و قوت !

عەلیار پیاوێکی سەرکردە و لێوەشاوە و بەگفت و لفت بو ، بەرپرسی پەیوەندییە دەرەوەییەکانی ئاژگ بو ، کاتی خۆی کە هێشتا گەنج بو ، ژێر بەژێر هەوڵی زۆری دا لەگەڵ حەکیمی خێڵەکانی دەوروپشتمان تا بەڵکو ئەمە خوایە رێیەکمان بنێنە بەر بۆ چارەسەرکردنی ئەم گولییەی تایەفەکەمان ، بەڵام یەک دانە حەکیمیان تێدا نەبوبو ئامادەبێت دوو پەنجە "بەدەستکێشیشەوە" بژەنێتە ورگی نەخۆشێکمان تا بزانێت کوێی دێشێت ! یەک حەکیمی ئەو ناوە ، لەخۆی رانەدەبینی قەرەی گولێکمان بکەوێت نەوەک خۆیشی تێوە بگلێت ! بەمەرجێک گولیی هەمومان هەر وەکو یەک ساری نەبو !

یەکەمجار عەلیار بەدوای دەرماندا سەری خۆی هەڵگرت و ، پاشانیش مەیەپوچ ، بەخۆ و بەتاکە دارشەقەکەی بن باڵی چەپیەوە ، سەری لەشیوی قازی دەرهێنایەوە "ئەوسا شیوی قازی بەدەست خەڵکی گولاوە خۆیەوە نەبو بەڵکو بەدەست خێڵەکانی دەرودراوسێمانەوە بو چەتەییان تێدا دەکرد" ، یەکسەر لەرێوە رستە بەباوبانگەکەی خۆیی دا بەگوێماندا : "حەکیمیی خۆت لەهەزار دکتۆر باشترە" ، تێیگەیاندین کە چیتر لێرە "لەناو دێ" ئیشمان ناڕوات ! ئیتر ماوەیەک دوای ئەوە "واتە ساڵی شەشەمی کۆچی – هەمیشەیی / ساڵی مردنەکەی باوکم" سەنگەرمان لەدێوە گواستەوە شاخ و قۆناغی سەختی بۆراقایەتیمان دەست پێکرد .

عەلیار لەشەڕی بەرگری لەدەستکەوتەکانی ئاژگ دا شەهید بو ، کە بریتی بون لە "چەند سەر مەڕێکی حەپوحۆلی نەخۆش ، چەند سەرێک گا و مانگای گەڕ و گول کە گرانەتا یەکێک بو لەدیارترین بەروبومەکانیان ، چەند شاخ و شیو و دۆڵ و گرد و تەپۆڵکەیەکی بەناو رزگارکراو کە لەبەر قارچکە گولانە بەهەزار حاڵ دەمانوێرا پێیان تێ بنێین ، هەروەها دەستەیەک زەلامی

خێڵەکیی گێڕ و گەوێڕ و کۆلکە خوێندەوار و سیلاوی و نەستەق زل کە بازنەیەکی هەمیشە داخراویان پێکدەهێنا بەناوی : دەستەی سەرکردایەتی و ، جگە لەدانە دانەیەکی وەکو عەلیار خۆی ، چەندینی وەکو چەورگیش ئەندام بون تیایدا" .

بۆیە ئێستاش کە بیر لەو هەمو برین و قۆرتەی سەر لەشولاری سەقەت و دەموچاوی چرچ و گرمۆڵەبوی پیر و گەنجمان دەکەمەوە ، کە ئەو هەمو بزن و مەڕ و گا و مانگا و کەر و ئێستر و ئەسپە گەڕ و گول و سەقەت و ئیفلیجانەمانم دێتەوە یاد ، کە قیڕە قیڕ و گارە گار و علیو علیو و قوقە قوقی ناوەختی ئەو هەمو قاز ئ مریشک و قەل و کەڵەشێرە گەڕ و گولانەم دێتەوە بەر گوێ و بیرم دێتەوە کە ئەگەر جاروبار بەباوەشی خاوەنەکانیان لەکولانە نەبرانایەتە دەر بۆ بەر خۆر ، ئەوا هەمویان بەتەواوی کرمیان هەڵدەهێنا و نەدەگەییشتنە رۆژی دواتر ، دەڵێم : "ئافەرین سەیزەوارزادەکان ، ئافەرین ، دەستتان خۆشبێت کە هاوکاریی دوژمنانی نەوە گولەکەی سەیمار و سەیحانتان کرد بۆ ئەوەی هەردو گولاوە دەرمانرێژ بکەن و ، هەمو ئەو مرۆڤە گولانەی کە تێیدا مابونەوە قڕ تێبخەن ، ئافەرین سەیزەوارزادەکان ، دەستتان خۆش نەبو ، ئاژگ ــ بەرەی یەکگرتوی نەوە یاخیەکانی هەردو ئاوایی گولاوە ، دەستی هەموتانی شکاند ، بەڵام یاد و یادگارتان خۆش بێت بۆ کارێکی رەنگین کە کردتان ، خۆ خەڵکی هەردو گولاوە ئاخری دەرمانێکیان دەست نەکەوت کە رەگی گولییان بسوتێنێت ، دەبا رەگ و ریشەی خۆیان دەربێت ، چاویان دەربێت وەکو دەرهات !" .

*　　　　　*　　　　　*

بریا حەسرەت تا نیوەی ئەم رێگا سەختە لەگەڵم دەهات ، بریا بەتاقی تەنیا لەم پێچاوپێچی بێچاوییەدا ، بەم گردە روت و قوت و بێڕەحمەوە ، بەجێی نەدەهێشتم ، بریا پەڕوباڵی خەونەکەییم نەدەکرد و وەکو ئەوەی کە هەبو و خۆی بۆی دەگێڕامەوە ، بەرەڵڵای ئاسمانم دەکرد ، نەک وەکو ئەوەی کە بەدەستمەوە هەڵفڕی ، بریا ئەمێستا دەمتوانی لەم دوایین پێچی بێچاوییەدا ، کەمێک سەرنجی خوا بەلای خۆمدا رابکێشم و ، لەجیاتیی چاوی راستەقینە ، داوای جوتێک چاوی لێ بکەم بۆ دڵم ، بۆ ئەوەی بەچاوی دڵ ، بەچاوی پاکی دڵ ، سەربوردەی ئەم گولییەی خەڵکی نیشتیمانەکەم ، خەڵکی سەر و خواری نیشتیمانە خۆشەویستەکەم "گولاوە" دەور بکەمەوە و ، لەوە زیاتر بەچاوە خامۆشەکانی ناو کەلەی سەرم کە لەسپێدەی ئەمڕۆوە لەبڵێسە کەوتون ، سەیری خۆم و روداوەکان نەکەم .

ئای خوایە ، چەند لەچاوەکانم دورکەوتومەتەوە ؟ خوایە چاوەکانم چەند لەمن دورکەوتونەتەوە ؟

خوایە چەند خۆشە ئەم پڕبون لەبایە ؟ چەند ئەم پڕبون لەبایە کۆتاییەکی بێهاوتایە ؟

چەند چاکم کرد کە نەمهێشت دوێنێ ئێوارە ، خەڵکی بەدوای خوێندنی ناوەخت و دەستەجەمعیی کەڵەشێرە بایەقوشڕەنگەکانیاندا باڵ بگرن و ، پێش هەڵاوسان و تەقینی ورگی مەشکەکان ، بەرەو دەرەوەی ئاواییەکانیان هەڵبێن ؟ چەند چاکم کرد کە نەمهێشت یەک کەس ئاوایی خۆی بەجێ بهێڵێت و بڕوات درێژە بەخستنەوەی منداڵی گول و ئیفلیج بدات ؟ چەند چاکم کرد کە نەمهێشت

یەک بۆراقی بەرپرس و نابەرپرس ، بەبیانوی بەرگرتن بەدوژمن ، رابکاتە دەرەوە و ، هەڵبێت و ، پاشتر ئەگەر کەوتە دەست زیندویەکیش ، ژیانی خۆی بەیەک رەوە ئەسپ بکڕێتەوە لێی ! ئای خوایە چەند خۆشە ئەم پڕبون لەبایە ؟ چەند ئەم پڕبون لەبایە کۆتاییەکی بێهاوتایە ؟ هاکا فڕیم ! هاکا ورگم بەدەم باوە هەڵسا و پەلی گرتم بۆ سەر ئەو ئەستێرەیەی کە جآوەکانمی تێدا بەجێما ! تکایە هەتا نەفڕیوم ، ئەگەر کەس بەدەورمەوە زیندوە ، ئەگەر کەس رۆشنایی کەوتەوە چاوی و توانیی هەڵسێتەوە و جارێکیتر پێ بگرێت ، با گوێی لێم بێت : "ئا ... ش بەتاڵ ! ئا ... ش بەتاڵ ، کەس تێهەڵنەچێتەوە ، کەس خیانەت لەخەونەکەی حەسرەت نەکات ، هەر کەس بۆ خۆی بمرێت ، کەس کەسیتر لەگەڵ خۆی نەبات بۆ مردن ، حەسرەت وەهای دەگوت ، حەسرەت هەر لەسەرەتایشەوە وەهای دەگوت !" .

*　　　　　　　*　　　　　　　*

ئەمێستا بەهەڵکردنی ئەم بایەدا

بەهەڵکردنی ئەم بایە گەرمە نەرمەڕۆیەدا

کە دەڵێی کفنێکی ئەستورە

خۆی لەقەد و باڵای گەردونەوە

هەڵدەپێچێت

پێدەچێت

شەو

دا

ها

ت

بێت

ئەگەر

ئەوا

ش

ش

ەو

.....

.........

................